# The Position and Powers of the Federal Supreme Court in Iraq: (2022-2004) Constitutional and Legal Challenges

Sanar Alee Mulla[1], Soran Ali Hassan[2]
[1] Soran University, [2] Soran University

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2695.01*

*Published: 16/8/2026*

## *Abstract*

*This research provides a detailed analysis of the position, structure, and transformations of the Federal Supreme Court in Iraq, focusing on the constitutional and legal challenges it has faced from its establishment phase to the enactment of its 2021 law. The core problem of the study lies in the gap between the constitutional text and the laws currently in force. Employing a descriptive-analytical method, the research relies on constitutional texts, laws, and the influential decisions of the court itself.*

*The findings reveal that the court's operation under Law No. 30 of 2005 created a legitimacy crisis. Furthermore, the 2021 law, while resolving the issue of composition, introduced a new violation by disregarding Article 92 (II) of the Constitution, which mandates the inclusion of experts in Islamic jurisprudence (Fiqh) and law. The results demonstrate that these legal and constitutional voids have not only created a legitimacy crisis for the court but have also caused it to transform from its role as a guardian of the constitution into an influential political actor.*

***Keyword***: *Federal Supreme Court, constitutional challenges, experts in Fiqh and law.*

# پێگە و دەسەڵاتەکانی دادگای باڵای فیدراڵی لە عێراقدا: ئاڵنگارییە دەستووری و یاساییەکان (٢٠٠٤-٢٠٢٢)

سەنار عالی مەلا [1] – پ.ی.د. سوران علی حسن [2]

[1,2]زانکۆی سۆران، سۆران، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە شـــیکردنەوەیەکی وردی پێگە، پێکهاتە و گۆڕانکارییەکانی دادگای باڵای فیدراڵییە لە عێراقدا، بە تیشک خستنەسەر ئەو ئاڵنگارییە دەستووری و یاساییانەی کە لە قۆناغی دامەزراندنییەوە تا یاسای 2021 ڕووبەڕووی بووەتەوە. کێشەی سەرەکی توێژینەوەکە لەو بۆشاییەدایە کە لە نێوان دەقە دەستووری و یاسا کارپێکراوەکاندا هەیە. توێژینەوەکە بە پشتبەستن بە دەقە دەستووری و یاساییەکان لەگەڵ بڕیارە کاریگەرەکانی خودی دادگا پەیڕەوی لە میتۆدێکی شیکاری- وەسفی دەکات، ئەنجامەکان دەریدەخەن، کە کارکردنی دادگا بە یاسای ژمارە (٣٠)ی ساڵی (٢٠٠٥) قەیرانێکی شەرعیەتی دەستووری دروستکردووە. هەروەها، یاسای (٢٠٢١)، لەگەڵ چارەسەرکردنی کێشەی پێکهاتن، بە پشتگوێخستنی ماددەی (٩٢/دووەم)ی دەستوور سەبارەت بە بەشداری شارەزایانی فیقهی و یاسایی، پێشێلکارییەکی نوێی خوڵقاندووە.

ئەنجامەکان دەریدەخەن، کە ئەم بۆشاییە یاسایی و دەستوورییانە نەک تەنیا قەیرانێکی شەرعیەتیان بۆ دادگا دروستکردووە، بەڵکو وایانکردووە دادگاکە لە ڕۆڵی پارێزەری دەستوورەوە بگۆڕێت بۆ ئەکتەرێکی سیاسی کاریگەر.

وشـــەی ســـەرەکی: دادگای باڵای فیدراڵی، ئاڵنگاریی دەســـتووری، شـــارەزایانی فیقهی و یاسایی

### گرنگی توێژینەوەکە:

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، تیشـــک دەخاتەســـەر دامەزراوەیەکی دەســـتووری سەرەکی کە ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی لە سیستەمی سیاسی و یاسایی عێراقدا گێڕاوە. دادگای باڵای فیدراڵی وەک پارێزەری دەستوور و یەکلاکەرەوەی ناکۆکییەکانی نێوان دەسەڵاتە فیدراڵییەکان و هەرێمەکان، کاریگەرییەکی قووڵی لە سەر هاوسەنگی سیاسی و سەقامگیری وڵاتدا هەبووە. شیکردنەوەی گۆڕانکارییە یاسایی و پێکهاتەییەکانی لە ماوەی (٢٠٠٤ – ٢٠٢٢) قۆناغێکی پڕ لە ئاڵۆزی و گۆڕانکاری بووە، تێگەیشتن لەوانەی باسیان لێوەکرا، بۆ تێگەیشتن لە سروشتی دەوڵەتداریی نوێی عێراق و ئاڵنگارییەکانی بەردەم سیستەمی فیدراڵی یارمەتیمان دەدات.

### کێشەی توێژینەوەکە

کێشـــەی ســـەرەکی توێژینەوەکە، لەو ناتەباییە یاســـایی و دەســـتوورییانەدایە، کە ڕووبەڕووی پێگە و پێکهاتەی دادگای باڵای فیدراڵی بووەتەوە. توێژینەوەکە پرســـیار لەبارەی چۆنیەتی کارکردنی دادگا بە یاسای کاتی و کاریگەری یاسای نوێی ساڵی (٢٠٢١) دەکات، ئایا کێشەکانی چارەسەر کردووە یان ئاڵۆزیی نوێی خوڵقاندووە؟

### گریمانەی توێژینەوەکە

توێژینەوەکە لە ســـەر ســـێ گریمانە بنیاتنراوە: کارکردنی دادگا بە فەرمانی (٣٠) دوای (٢٠٠٥)، کێشـەی شـەرعیەتی بۆ بڕیارەکانی دروستکرد. هەمواری یاساکەی لە (٢٠٢١)، لەگەڵ چارەســەرکردنی پێکهاتەکەی، ناکۆکیی نوێی خوڵقاند. هەروەها گریمانەی سـێیەم ئەوەیە کە بە هۆی ئەو ناکۆکییە دەســـتووریانەی لە پێکهاتە و یاســـاکەیدا هەن، دەســـەڵاتەکانی دادگا بە

شـــێوەیەک فراوان بوون، کە ڕۆڵێکی ســـیاســـی پێبەخشـــیوە و بەمەش هاوســـەنگی نێوان دەسەڵاتەکانی تێکداوە.

### ئامانجەکانی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە ئامانجی شـــیکردنەوەی بنەما دەســـتووری و یاســـاییەکانی پێگە و پێکهاتەی دادگای باڵای فیدراڵی و دەرخســـتنی گۆڕانکاری و پەرەســـەندنی تایبەتمەندییەکان و ئەو ئاڵنگاریانەی لە قۆناغە جیاوازەکاندا ڕووبەڕووی بوویتەوە.

### میتۆدۆلۆژیای توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە پەیڕەوی میتۆدی وەســـفی – شـــیکاری دەکات. ســـەرەتا بە شـــێوەی وەســـفی، پێگە و دەســـەڵاتەکانی دادگای باڵای فیدراڵی بە پشـــتبەســـتن بە چوارچێوەی یاســـای (وەک دەســـتووری ٢٠٠٥، فەرمانی ٣٠ی ســـاڵی ٢٠٠٥ و یاســـای ٢٥ی ســـاڵی ٢٠٢١) ڕوون دەکاتەوە. پاشـــان، لە قۆناغی شـــیکاریدا، ناکۆکی و بۆشـــاییە یاســـاییەکان دەردەخات و گۆڕانی ڕۆڵی دادگا لە پارێزەری دەســـتوورەوە بۆ ئەکتەرێکی ســـیاســـی شـــیدەکاتەوە. نموونەکان بە شێوەیەکی مەبەستدار هەڵبژێردراون، کە ماددە دەستوورییەکانی (٩٢، ٩٣، ١٢٦، ١٤٢) و بڕیارە بنەماســـاز و مشـــتومڕاوییەکانی دادگا (وەک بڕیاری ماددەی ١٤٠ و هەڵبژاردنەکان) دەگرێتەوە، بە ئامانجی گەیشتن بە ئەنجامێکی زانستی دروست و بابەتیانە.

### پێناسەی زاراوە سەرەکییەکان

**شەرعییەت**: لەم توێژینەوەیەدا، مەبەست لێی شەرعیەتی دەستوورییە. واتە، پابەندبوونی پێکهاتە و بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدراڵی بە دەستووری (٢٠٠٥). "قەیرانی شەرعیەت" ئاماژەیە بۆ ئەو دۆخەی کە بنەما دەستووریەکانی کارەکانی دادگا دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە (هەورامی، ٢٠٢٤).

**شارەزایانی فیقهی ئیسلامی:** زاراوەیەکی دەستوورییە (ماددەی ٩٢ / دووەم) بۆ پسپۆڕانی شەریعەتی ئیسلامی. دەستوور بوونی ئەمانەی لە پێکهاتەی دادگای باڵای فیدراڵیدا بە پێویست زانیوە، بەڵام لە یاسای ئێستادا ئەم مەرجە جێبەجێنەکراوە (هەورامی، ٢٠٢٤).

**بۆشایی یاسایی:** ئەو دۆخەیە، کە دەقێکی یاسایی ڕوون بۆ بابەتێک بوونی نییە. لێرەدا، ئاماژەیە بە نەبوونی یاسایەکی نوێی گونجاو لەگەڵ دەستووری (٢٠٠٥) بۆ دادگای باڵای فیدراڵی (عەبدوڵڵا، ٢٠٢٤).

**هاوسەنگی نێوان دەسەڵاتەکان:** بنەمایەکی دیموکراسییە بۆ دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی دەوڵەت (یاسادانان، جێبەجێکردن، دادوەری) تا هیچ کامیان زاڵ نەبێت. ئەم توێژینەوەیە کاریگەری بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی لە سەر ئەم هاوسەنگییە شیدەکاتەوە (محەمەد، ٢٠٢٢).

**ئەکتەری سیاسی:** ئەو دامەزراوەیەیە (لێرەدا دادگا) لە چوارچێوەی ئەرکە یاساییەکانی دەردەچێت و لە ڕێگای بڕیارەکانیەوە دەستوەردەداتە ناو پرۆسەی سیاسی و ململانێکانەوە (هەورامی، ٢٠٢٤).

## پلانی توێژینەوەکە

توێژینەوەکە بە شێوەیەکی سیستماتیک لە دوو ئاستی جیاوازدا لێکۆڵینەوە لە دادگای باڵای فیدراڵی دەکات. لە ئاستی یەکەمدا، بنەما دەستووری و یاساییەکانی پێگە و پێکهاتەی دادگا شیدەکاتەوە. پاشان، لە ئاستی دووەمدا، دەسەڵات و تایبەتمەندییە دەستوورییەکانی دادگا دەخرێتە بەر لێکۆڵینەوەی ورد. لە کۆتایی ئەم شیکارییەدا، گرنگترین ئەنجام و ڕاسپاردەکان پێشکەشدەکرێن.

## 1. پێگە و پێکهاتەی دادگای باڵای فیدراڵی

دوای (٩)ی نیسانی (٢٠٠٣)، سیستەمی یاسایی عێراق گۆڕانکاری بەخۆوە بینی و دەسەڵات لە تاکڕەوییەوە بۆ سیستەمێکی فیدراڵی گۆڕا. کە لە سەر بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و پاراستنی مافەکان دامەزرا. بۆ شیکردنەوەی ئەمە، پێگە و پێکهاتەی دادگای فیدراڵی شیدەکەینەوە.

### 1.1.پێگەی دادگای باڵای فیدراڵی لە ڕێکخستنی دەستووری 2004

لە چوارچێوەی ناساندنی ئەم دادگا دەستورییە، وەک بەشێک لە دەسەڵاتی دادوەری و بەشدار لە پێکهاتەی دامەزراوە فیدراڵییەکان، یاسای بەڕێوەبردن بۆ قۆناغی ڕاگوزەر(2004) چەند تایبەتمەندییەکی پێ بەخشیبوو:

#### 1.1.1 دامەزراوەیەکی دەستورییە:

دادگای باڵای فیدراڵی لە سەر بنەمای دەستووری کاتی قۆناغی ڕاگوزەر دامەزراوە و گرنگترین دامەزراوەی دەستووریی وڵاتە، لە سەر ئەو بنەمایە، پێویستە گشت دەسەڵاتەکان بەپێی برگە و ماددەکانی دەستوور کاربکەن (لەتیف، 2021)، هەروەک لە ماددەی (٩٢/یەکەم)ی دەستووری عێراقدا ئاماژەی پێ کراوە. هەبوونی دادگای فیدراڵی لە دەوڵەتێکی فیدراڵدا، بە یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی سیستەمەکە هەژماردەکرێت، چونکە هاوسەنگی نێوان حکومەتی یەکگرتوو و هەرێمەکان دەپارێزێت (البصیصی، 2014). بۆیەش دادگاکە بە دەسەڵاتی کۆتایی بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشە و ناکۆکییەکانی نێوان پێکهاتەکانی دەوڵەتی فیدراڵی دادەنرێت.

### 1.1.2 دامەزراوەیەکی فیدراڵییە:

سیستەمی فیدراڵی لە سەر بنەمای دوو ئاستی فەرمانڕەوایی دادەمەزرێت: ناوەندی و ناوچەیی، هەر یەک چوارچێوەی دەسەڵاتی تایبەتی خۆیان هەیە. حکومەتی ناوچەیی لە سنووری خۆیدا کار دەکات، لە کاتێکدا حکومەتی فیدراڵی دەسەڵاتی بە سەر هەموو وڵاتدا هەیە (الطائي، الشكل الفيدرالي للدولة وإمكانيات التطبيق في العراق، 2006). هەروەها، یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی دەوڵەتی فیدراڵی، دابەشکردنی دەسەڵاتەکانە بۆ سێ لق: یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەری. ئەم دابەشکارییە بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی و دڵنیابوونە لە سەربەخۆیی دامەزراوەکانە (محمد عمر مولود، 2009).

دەستووری (٢٠٠٥)ی عێراق، لە ماددەی (٤٨)دا، دەسەڵاتی یاسادانانی فیدراڵی لە ئەنجوومەنی نوێنەران و فیدراڵی پێکهێناوە. هاوکات، ماددەی (٦٥) پێویستی دامەزراندنی ئەنجوومەنی فیدراڵی وەک نوێنەری هەرێم و پارێزگاکان، بۆ مسۆگەرکردنی بەشداری فراوان لە یاسادانان و پاراستنی هاوسەنگی دەسەڵاتەکان دیاری دەکات. (شالی، 2014).

### 1.1.3 دامەزراوەیەکی سەربەخۆیە:

دادگای باڵای فیدراڵی بەپێی یاسای ئیدارەی دەوڵەت (٢٠٠٤) و فەرمانی ژمارە (٣٠)ی ساڵی (٢٠٠٥) دامەزرا. ڕێساکانی جەخت لە سەر کارکردنی سەربەخۆ و ملکەچبوون تەنیا بۆ یاسا دەکەنەوە. ماددەی (٩٢/یەکەم)ی دەستووری (٢٠٠٥)، سەربەخۆیی دارایی و کارگێڕیی دادگاکە دەپارێزێت، سەرەڕای گومانەکان لە سەر وابەستەبوونی بە دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە (یاسای ئیدارەی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی ڕاگوزەر، ٢٠٠٤، ماددەی ٤٤/أ).

ماددەی (٤٧)ی دەستووری (٢٠٠٥)، جەختی لە سەر بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان کردووەتەوە و پرەنسیپی سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری پەسەندکردووە (الهلالي،

2021). هەروەهــا بەڕێوەبردنی کــاروبــاری دادوەری بە ئەنجوومەنی بــاڵای دادوەری ســـپێردراوە. لە کاتێکدا دادگای بـاڵای فیـدراڵی بۆ پاراســـتنی دەســـتوور و چاودێری دەســـتووریبوونی یاســـاکان دامەزراوە (طالب، 2015). ناکۆکییەکی دەســتووری لە ســـەر پەیوەندی نێوان ســـەربەخۆیی دادگای باڵای فیدراڵی و دەســـەڵاتی ئەنجوومەنی دادوەری هەیە. ماددەی (٩٢) سەربەخۆیی دادگا دەپارێزێت، بەڵام ماددەی (٩٠) دەسەڵاتی بەڕێوەبردن دەداتە ئەنجوومەن. ئەمەش دوو لێکدانەوەی لێکەوتووەتەوە: ســەربەخۆیی دارایی کارگێڕی، یان سەربەخۆیی تەواو.

## 1.2 پێکهاتە و ڕێکخســـتنی یاســـایی دادگا لە ســـەر بنەمای فەرمانی ژمارە (٣٠)ی ســـاڵی (٢٠٠٥)

لە دوای ڕوخانی ڕژێمی پێشـــوو لە ســـاڵی (٢٠٠٣) و لە قۆناغی ڕاگوزەردا، پایەکانی دەوڵەتی نوێی عێراق دانران. لە چوارچێوەی یاســـای ئیدارەی دەوڵەت (٢٠٠٤)دا، دادگای باڵای فیدراڵی وەک دامەزراوەیەکی سەربەخۆ بۆ پاراستنی هاوسەنگی سیاسی و یاسایی دامەزرا.

### 1.2.1 پێکهێنانی دادگای باڵای فیدراڵی:

دوای (٩)ی نیســـانی (٢٠٠٣)، یەکەم هەنگـاوی بەڕێوەبردنی عێراق بریتی بوون لە دانـانی حـاکمێکی مەدەنی و دواتر دامەزراندنی ئەنجوومەنی حوکمڕانی. ئەم ئەنجوومەنە، پشـــتی بە بڕیارنامەی ژمارە (١٤٨٣)ی ســـاڵی (٢٠٠٣)ی ئەنجوومەنی ئاســـایشـــی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبەست، کە لە (٢٥) ئەندام و سـەرۆکایەتییەکی (٩) کەسی پێکهاتبوو. مانگانە دەستاودەستی دەســـەڵاتی دەکرد، ئەرکی ســـەرەکی پێکهێنانی ئیدارەیەکی کاتی تا دامەزراندنی حکومەتێکی دانپێدانراوی نێودەوڵەتی بوو (الشکري، 2017).

ئەنجوومەنی حوکمڕانی لە (٨ی ئازاری ٢٠٠٤) یاسـای ئیدارەی دەوڵەتی بۆ قۆناغی ڕاگوزەر پەسـەندکرد. بەپێی ماددەی (دووەم/أ)، قۆناغی ڕاگوزەر لە (٢٠٠٤/٦/٣٠) دەسـتپێکرد و تا پێکهێنانی حکومەت بەپێی دەسـتووری هەمیشـەیی بەردەوام بوو (المؤقتة، 2004). ئەم قۆناغە دوو بەشـی سـەرەکی لەخۆدەگرت: یەکەم، پێکهێنانی حکومەتی کاتی لە (٢٠٠٤/٤/٣٠) و دووەم، ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانی، کە دەبوو تا (٢٠٠٥/١/٣١) ئەنجامبدرێت ( جدول زمني ذا سيادة وديمقراطى، 2004) ( تەواوکەری یاسای کارگێڕی ئینتقالی، 2004).

یاسـای ئیدارەی دەوڵەت، لە ماددەی (٤٤/أ) دامەزراندنی "دادگای باڵای فیدراڵی" بە شـێوەیەکی سـەربەخۆ لە بەغدا ڕاگەیاند. میکانیزمی پێکهێنانی دادگاکە، لە سـەرۆکێک و هەشـت ئەندام پێکدێت، لە ماددەی (٤٤/هـ)دا دیاریکراوە (مدحت، 2010). بەپێی ئەم ماددەیە، سـەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای دادوەری، بە ڕاوێژ لەگەڵ ئەنجوومەنی دادوەریی هەرێمەکان، لیسـتێک لە (١٨) بۆ (٢٧) دادوەر (واتە، سـێ هێندەی ژمارەی ئەندامان) بۆ پڕکردنەوەی پۆسـتەکان کاندید دەکات (الجبورى، 2023).

### 1.2.2 قۆناغەکانی پێکهێنانی دادگای باڵای فیدراڵی:

1. **ڕاوێژ و پاڵاوتن:** یاسـای ئیدارەی دەوڵەت، میکانیزمی دامەزراندنی ئەندامانی دادگای باڵای فیدراڵی بە چەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێت. ئەنجوومەنی باڵای دادوەری بە ڕاوێژ لەگەڵ ئەنجوومەنی دادوەریی هەرێمەکان، لیسـتێکی سـەرەتایی لە (١٨-٢٧) کەس کاندید دەکات، ماددەی (٤٤/هـ). ئەرکی هەڵبژاردنی کۆتایی دەکەوێتە ئەستۆی ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی، کە (٩) ئەندامی دادگا لەو لیستە دیاری دەکات. هەمان ڕێکار بۆ پڕکردنەوەی هەر پۆستێکی بەتاڵیش دووبارە دەبێتەوە (الخفاجى، 2009).

ئەم میکانیزمە ڕووبەڕووی چەندین ڕەخنەی یاسایی بووەتەوە، یاساکە هیچ مەرجەکی تایبەتی بۆ خۆپاڵاوتن، تەنانەت سیفەتی دادوەریشی، بۆ ئەندامیەتی دیارینەکردووە. هەروەها، پێدانی بڕیاری کۆتایی بە ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی (دەسەڵاتی جێبەجێکردن)، ڕۆڵی ئەنجوومەنی دادوەری بۆ ئاستی پاڵاوتن کەمدەکاتەوە، وەک مەترسییەک بۆ سەربەخۆیی دادوەری و بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان سەیردەکرێت. بەشێک لە یاساناسان پێیان باشتر بوو، بڕیاری کۆتایی لای ئەنجوومەنی دادوەری بێت، یان میکانیزمێک دابنرایە، کە هەر سێ دەسەڵاتەکە بە شێوەیەکی هاوسەنگ بەشدار بن (عمر، ٢٠١٧).

**لە ڕوانگەی توێژەرەوە،** جێگیرکردنی ژمارەی ئەندامانی دادگا بە هەنگاوێکی ئەرێنی دادەنرێت، چونکە ڕێگری لە دەستوەردانی سیاسی دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا، دوو خاڵی لاواز لە یاساکەدا هەیە، یەکەمیان، دیارینەکردنی سنوورێک بۆ تەمەنی خانەنشینی لە ماددەی (٦/سێیەم)دا. دووەمیان: میکانیزمی پڕکردنەوەی شوێنی بەتاڵە لە ماددەی (٩/ج)دا، کە دیسانەوە دەسەڵاتی کۆتایی دەداتەوە بە ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی.

2. ئەندامانی یەکەمی دادگاکە بە فەرمانی کۆماری ژمارە (٣٩٨) لە (٢٠٠٥/٣/٥) جێگیرکران (ناجي، دراسة تطبيقية في اختصاص المحكمة والرقابة التي تمارسها معززة بالأحكام والقرارات، 2007) دواتر بە فەرمانی ژ. (٢) لە (٢٠٠٥/١/٦) دووبارە جێگیرکرانەوە (مدحت، 2010). بە فەرمانی کۆماری ژمارە (٦٧) لە (٢٠٠٥/٣/٣٠)، ئەم کەسانە دەستنیشانکران: مەدحەت مەحمود (سەرۆک)، ئەندامان: عبود ساڵح التميمی، جەعفەر ناسر حسێن، ئەحمەد الجەلیلی، فاروق محەمەد السامی، ئەکرەم تەها محەمەد، میخائیل شیمشمون قس گۆرگیس، ئەکرەم ئەحمەد بابان و محەمەد سائیب النقشبەندی. بە فەرمانی کۆماری ژ.(٣) لە (٢٠٠٧/٢/١٩)، دادوەر حسێن ئەبوو ئەلتەمەن وەک ئەندامی جێگرەوە دامەزرا (مدحت، 2010).

### 1.2.3 فەرمانی ژمارە (30)ی ساڵی(2005)

فەرمانی ژمارە (٣٠) ساڵی (٢٠٠٥)، لە سەر بنەمای ماددەی (٤٤)ی یاسای ئیدارەی دەوڵەت بۆ قۆناغی ڕاگوزەر (٢٠٠٤) دەرچوو، کە بە یاسـاـای دادگای باڵای فیدراڵی ناسـراوە (یونس، 2018)، دادگای باڵای فیدراڵی وەک دەزگایەکی سـەربەخۆی دارایی و کارگێڕی لە بەغدا دامەزرا و دەسەڵاتی بە سەر هەموو کەسێکدا هەی. (ژ. 30 ساڵی2005/ماددە2).

بەپێی ماددەی (٣)ی یاسـاکە، دادگا لە سـەرۆکێک و هەشـت ئەندام پێکدێت. دامەزراندنیان لە لایەن ئەنجوومەنی سەرۆکایەتیی کۆمار و لە سەر پێشنیازی ئەنجوومەنی باڵای دادوەری بە ڕاوێژ لەگەڵ ئەنجوومەنی دادوەریی هەرێمەکان دەبێت، لەم پرۆسـەیە ئەنجوومەنی باڵای دادوەری لیستێک لە (١٨) بۆ (٢٧) کەس کاندید دەکات. بۆ پڕکردنەوەی هەر پۆستێکی بەتاڵیش، سێ پاڵێوراو پێشکەشدەکرێت و ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی یەکێکیان هەڵدەبژێرێت (ماددە ٤٤ هـ/ لە یاسای ئیدارەی دەوڵەت بۆ قۆناغی ڕاگوزەر (٢٠٠٤).

ئەگەر ئەنجوومەنی سـەرۆکایەتی هەر پاڵێوراوێک ڕەتبکاتەوە، ئەنجوومەنی دادوەری ناچارە لیستێکی نوێ پێشکەشبکات. لە پرۆسەی سەرەتایی دامەزراندندا، ئەنجوومەنی باڵای دادوەری (٢٧) کەسـی کـاندید کرد، کە دوای لێکۆڵینەوەیەکی حەوت مـانگە لە لایەن ئەنجوومەنی سـەرۆکایەتییەوە، سـەرۆک و ئەندامانی دادگا بە فەرمانی کۆماری ژمارە (398) لە بەرواری (30 /2005/3) هەڵبژێردرا (ناجي، دراسة تطبيقية في اختصاص المحكمة والرقابة التي تمارسها معززة بالأحكام والقرارات، 2007).

دەسـتووری عێراقی سـاڵی (٢٠٠٥)، دانپێدانانی بە دادگاکەدا، بەڵام وردەکاری پێکهاتە و یاسـاکەی بۆ دەرچوواندنی یاسـایەکی تایبەت لە داهاتوودا جێهێشـت. بەو مەرجەی لەگەڵ

بنەماکانی ماددەی (٤٤)ی یاســـــای ئیدارەی دەوڵەت بۆ قۆناغی ڕاگوزەر ناکۆک نەبێت (ڕۆژنامەی وقایعی عێراقی ژمارە ٣٩٩٧ لە 2005/2/5).

کێشــەی ســەرەکی لە یاســای دادگا، کە لە ســەر بنەمای یاســای ئیدارەی دەوڵەت بۆ قۆناغی ڕاگوزەر داڕێژراوە، بە دەرچوونی دەستووری هەمیشـەیی (٢٠٠٥) هەڵوەشاوەتەوە. سـەرەڕای ئەوەی دەســتوور داوای دەرکردنی یاســایەکی نوێی کردووە، بەڵام بە تێپەڕبوونی (20) ســاڵ، بە هۆی ناکۆکی سیاسی، دەسەڵاتی یاسادانان نەیتوانیوە یاسایەکی نوێ پەسەندبکات. ئەمەش دادگای لە بۆشاییەکی یاسایی بەردەوام هێشتووەتەوە (فيصل، المحكمة الاتحادية العليا ودورها في ضمان مبدأ المشروعية، 2008).

### 1.2.4 پەیرەوی ناوخۆی دادگای باڵای فیدراڵی ژمارە 1 بۆ ساڵی 2005

پەیڕەوی ناوخۆی دادگای باڵای فیدراڵی ژمارە (١)ی ســـــاڵی (٢٠٠٥)، بە ئامانجی بەدیهێنانی شـــەفافیەت و دادپەروەری وەک چوارچێوەیەک بۆ ڕێکخســـتنی ڕێککارەکانی دادگا دەرچووە، چەند بەشێکی سەرەکی لەخۆدەگرێت:

1 **تۆمارکردنی ســـکاڵا:** ئەم بەشـــە چۆنیەتی پێشـــکەشـــکردنی داواکارییەکان دیاری دەکات. داواکـار دەبێـت کۆپی بەڵگەنـامەکـان هـاوپێچ بکـات ( پەیڕەوی ٢٠٠٥، مـاددەی 1/یەکەم) داواکارییەکە لە لایەن ســەرۆکی دادگا یان نوێنەری یاســاییەوە واژۆ بکرێت و لە تۆمارێکی تـایبەت تۆمـاربکرێـت ( پەیڕەوی ٢٠٠٥، مـاددەی 1/ســـێیەم)، پێویســـتە نەیـار لە داواکە ئاگاداربکرێتەوە و لە ماوەی (١٥) ڕۆژ وەڵامی نووسراوی هەبێت ( پەیڕەوی ٢٠٠٥، ماددەی دووەم).

2 **چـاودێری دەســـتووریبوونی یـاســـاکـان:** ئەم بەشـــە، ڕێککـارەکـانی لێکۆڵینەوە لە دەســـتووریبوونی یاســـا و بڕیارەکان ڕوون دەکاتەوە. ئەگەر دادگایەکی بابەتی لە کاتی تاوتوێکردنی دۆســـیەیەکدا، گومانی لە دەســـتووریبوونی دەقێکی یاســـایی هەبوو، دەتوانێت

داواکە بۆ دادگای باڵای فیدراڵی بۆ یەکلاییکردنەوە بنێرێت ( پەیڕەوی ٢٠٠٥، ماددەی (3-5)).

3 **ناکۆکی لەگەڵ یاسای ڕێککاری شارستانی**: چەندین ماددەی پەیڕەو لەگەڵ یاسای ڕێککاری شارستانی ژمارە (٨٣)ی ساڵی ١٩٦٩ ناکۆکن: (یعکوب، 2022).

أ. ماددەی (١/سێیەم)ی پەیڕەو پێچەوانەی ماددەی (٤٨/یەکەم)ی یاسای ڕێککاری شارستانییە سەبارەت بە شێوازی پێشکەشکردنی داواکاری.

ب. ماددەی (2/دووەم)ی پەیڕەو لەگەڵ ماددەی (16/شەشەم)ی یاسای ڕێککاری شارستانی ناکۆکە، لە پەیڕەوەکە وادەی دانیشتن دیاری ناکرێت تا وەڵامی نەیار وەردەگیرێت و داوای دواخستنی نەیاریش بۆ وەڵامدانەوە وەرناگیرێت، ئەمە پێچەوانەی یاسای ڕێککاری شارستانییە، کە تیایدا ڕۆژ و کاتژمێر لە سەر ئاگادارکردنەوەکە دیاری دەکرێت (حمد، 2013).

ج. ماددەی (٢/یەکەم)ی پەیڕەوەکە، ماوەی وەڵامدانەوە بە (١٥) ڕۆژ سنووردار دەکات، کە ئەمە جیاوازە.

د. لە ماددەی (٤٩/دووەم)ی یاسای ڕێککاری شارستانی کە ماوەکەی تا پێش وادەی دانیشتن بە کراوەیی هێشتووەتەوە (یعکوب، 2022).

### 4. تێبینی و ڕەخنەکان لە سەر پەیڕەوەکە:

أ. **نادەستووریبوونی تانەلێدان:** ماددەی (7)ی پەیڕە باس لە تانەدان لە بڕیارەکانی دادگا دەکات، ئەمەش

ب. لەگەڵ ماددەی (٩٣)ی دەستووری عێراقی (٢٠٠٥) ناگونجێت، کە بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدراڵی بە کۆتایی و پابەندکەر داناوە. بۆیە بە نادەستووری دادەنرێت (عادل، 2018).

ج. **هەڵەی زاراوەیی:** لە ناونیشانی ماددەکانی (٣، ٤، ٥، ٦)، زاراوەی "شەرعییەتی یاسادانان" بە نادروستی بەکارهێنراوە. پێشنیازکراوە زاراوەی "دەستووریبوونی یاسادانان" بەکاربهێنرێت، چونکە بابەتی کارەکە چاودێری دەستووریبوونی یاساکانە، نەک شەرعییەتی گشتییان (عادل، 2018).

### 1.3 پێگە و پێکهێنانی دادگای باڵای فیدراڵی لە ڕێکخستنی دەستووری 2005دا

پاش دەستووری (٢٠٠٥)، دادگای باڵای فیدراڵی لە دواکەوتنی دەرچوواندنی یاسای نوێی ڕووبەڕووی ئاڵنگاری گەورە بووەوە و بۆشاییەکی یاسایی دروستکرد. ئەم تەوەرە تیشک دەخاتەسەر دوو وەرچەرخانی گرنگ: یاسای هەموارکراوی (٢٠٢١) و پەیڕەوی ناوخۆیی (٢٠٢٢).

#### 1.3.1 یاسای ژمارە (٢٥)ی ساڵی (٢٠٢١) دادگای باڵای فیدراڵی

فەرمانی ژمارە(30) ساڵی (٢٠٠٥)، دادگای باڵای فیدراڵی وەک یاسایەکی کاتی تا دەرچوونی یاسایەکی هەمیشەیی لە سەر بنەمای ماددەی (٩٢/دووەم)ی دەستووری (٢٠٠٥) پێ دامەزرا، بەڵام بە هۆی ناکۆکیی سیاسییەوە، دەرکردنی ئەو یاسایە دواکەوت، ئەمەش بۆشاییەکی یاسایی دروستکرد (زیدان، 2021).

کاتێک دادگای باڵای فیدراڵی ماددەی(3)ی تایبەت بە کاندیدکردنی ئەندامانی بە نادەستووری زانی، کێشەکە قووڵتر بووەوە، چونکە دەسەڵاتی کاندیدکردنی بە ئەنجوومەنی دادوەری دابوو، ئەوەش پێچەوانەی ماددەی (٨٩)ی دەستوور بوو. بڕیارەکە بۆشایی یاسایی دروستکرد و وایکرد ئەنجوومەنی نوێنەران یاسایەکی نوێ دەربکات ((19/فیدراڵی/2017)، 2017).

ئەنجوومەنی باڵای دادوەری لە نامەیەکدا داوای لە ئەنجوومەنی نوێنەران کرد، وەک جێگرەوەی فەرمانی ژمارە (30)ی ساڵی (2005) یاسایەک دابڕێژن. ئەم هەنگاوە بە واتای هەڵپەساردنی دەقی دەستووری (91/سێیەم) و پێشێلکردنی ماددەی (126/یەکەم و سێیەم)ی

دەستوور لێکدرایەوە، چونکە بڕیارەکە بە جۆرێک لە جۆرەکان هەمواری دەقی دەستووری بوو ((38/ فیدراڵی/2019)، 2019).

دەرچوونی یاسـای ژمارە (25)ی سـاڵی (2021)، لە (2021/6/22)، بە یەکەم هەمواری یاسای دادگای باڵای فیدراڵی دادەنرێت. بەپێی ماددەی (1)ی ئەم یاسایە، ماددەی (3)ی یاسای دادگای باڵای فیدراڵی بەم شێوەیە گۆڕدرا: بەپێی ماددەی (٣/یەکەم/أ)ی هەموارکراو، دادگاکە لە سـەرۆک، جێگر، حەوت ئەندامی ڕەسـەن و چوار ئەندامی یەدەگ پێکدێت. مەرجە خزمەتیان لە دەسـەڵاتی دادوەریدا لە (١٥) سـاڵ کەمتر نەبێت. پرۆسـەی هەڵبژاردن بە لیژنەیەک لە سـەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای دادوەری، سـەرۆکی دادگای باڵای فیدراڵی، سـەرۆکی داواکاری گشـتی و سـەرۆکی دەسـتەی چاودێریی دادوەری، بە هەماهەنگی لەگەڵ نوێنەری هەرێمەکان، ئەندامان هەڵدەبژێرن. پاشـان، ناوەکان بۆ سـەرۆک کۆمار دەنێردرێن تا لە ماوەی (١٥) ڕۆژدا فەرمانی دەستنیشانکردنیان بۆ دەربکات (ڕۆژنامەی وەقایەی عیراق ژ. 4635 لە 7/6/2021).

ئەگەر سـەرۆکی دادگا، جێگری سـەرۆک، یان ئەندامانی دادگای باڵای فیدراڵی بە هەر هۆکارێک نەیانتوانی سـوێندی دەسـتووری بخۆن و بە هەر هۆکارێک فەرمانی کۆماری دەرنەچوو، سەرۆکی دادگای فیدراڵ و جێگرەکەی، ئەندامەکان و دادوەرە یەدەگەکان، لە بەردەم سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران سوێند دەخۆن بەو شێوازەی لە یاساکەدا هاتووە و لە ماوەی (15) ڕۆژ فەرمانی پەرلەمان بۆ دەسـتنیشـانکردنیان دەردەچێت (مادەی (٥) لە یاسـای دادگای باڵای فیدراڵی ژمارە (٢٥)ی ساڵی ٢٠٢١).

بە هەموارکردنەوەی فەرمانی ژمارە (30)ی ساڵی (2005)، زۆرێک لە کێشەکان چارەسەر کران،

گرنگترینیان دامەزراندنی دەزگایەک بوو، لە کاندیدکردنی سـەرۆک و جێگری سـەرۆک و ئەندامانی دادگا بەرپرسیار بێت، ماددەی (3/دووەم).

سەرۆکی پێکهاتەکانی دەسەڵاتی دادوەری کە لە ماددەی (89)ی دەستووردا ئاماژەیان پێکراوە، وەک سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای دادوەری، سەرۆکی دەستەی دەستپاکی گشتی و سەرۆکی دەستەی چاودێریی دادوەری. یاسا هەموارکراوەکەیان جێبەجێکرد دوای ئەوەی ئەنجوومەنی نوێنەران لە (2021/3/18) یاساکەی پەسەندکرد، بەپێی ماددەی (8)ی یاسای پێشوو. پێکهاتەی نوێی دادگا بە ڕێککەوتن و لە کەشێکی دادوەریدا و هەڵسەنگاندنی بابەتیانە بۆ کاندیدەکان دامەزرا. هەروەها، بابەتی لێکدانەوەی دەقەکانی دەستوور، کە بە هۆی نەبوونی تایبەتمەندی پێویست لە یاسای دادگای پێشوودا کێشەی لە سەر بوو، چارەسەر کرا. سەرباری ئەوە ماددەی (٤)ی یاسای هەموارکراو، هەموو دەسەڵاتە دەستوورییەکانی دادگا کە لە ماددەی (٩٣)ی دەستووردا هاتوون، دەستنیشانکران. سەبارەت بە بابەتی تەواونەبوونی نیسابی یاسایی، لە ئەگەری ڕوودانی لە داهاتوودا، ئەوا بەپێی ماددەی (3/ب)ی هەموارکراو چارەسەرکرا (فائق، 2024).

ماددەی (٥)ی یاساکە، دەسەڵاتێکی نادەستووری بە ئەنجوومەنی نوێنەران بەخشیوە، کە ئەگەر سەرۆک کۆمار لە ماوەی دیاریکراودا فەرمانی دانانی ئەندامانی دادگای باڵای فیدراڵی دەرنەکرد، پەرلەمان خۆی ڕاستەوخۆ فەرمانەکە دەربکات. ئەمە پێشێلکارییەکی ڕوونی دەستوورە، چونکە نە دەستوور و نە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانیش (ژمارە ١٣ی ساڵی ٢٠١٨) دەسەڵاتێکی بەم جۆرەی بە ئەنجوومەنی نوێنەران نەداوە (الموسوي، 2022).

بەخشینی ئەم دەسەڵاتە بە یاسایەکی ئاسایی، هەموارکردنەوەیەکی ناڕاستەوخۆی دەستوورە و پێچەوانەی ڕێککارەکانی هەموارکردنەوەیە، کە لە ماددەکانی (١٢٦ و ١٤٢)دا هاتووە. هەرچەندە پەرلەمان دەسەڵاتی پەسەندکردنی پۆستی باڵای هەیە، بەڵام دانانی ئەندامانی دادگای باڵای فیدراڵی ناگرێتەوە، کە پێویستی بە بنەمایەکی دەستووری ڕوونە. ئەمە پێشێلکاری

بنەما دەســتوورییەکان و هاوســەنگی دەســەڵاتەکانە (العبيدي، حظر المحاكم الخاصــة ورقابة المحكمة الاتحادية العليا، 2025).

**تویژەر پێی وایە،** کێشـەی بنەڕەتی یاسـاکە، پشـتگوێخسـتنی ماددەی (٩٢/دووەم)ی دەسـتوورە. ئەم ماددەیە پێکهاتەی دادگا بە بەشداری "شارەزایانی فیقهی ئیسلامی و زانایانی یاسا"وە گرێ دەدات، بەڵام یاســـای (٢٠٢١) تەنیا دادوەرانی لەخۆگرتووە. ئەمەش پێشـــێلکارییەکی ڕوونی دەستوورە و شەرعیەتی پێکهاتەی ئێستای دادگاکە دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

لەگەڵ ئەوەی ئەم خاڵە لە ڕووی دەســـتوورییەوە ڕەخنەیەکی جددییە، بەڵام لایەنگرانی ئەم یاســایە و هەندێک لە چاودێرانی ســیاســی پاســاوی خۆیان هەیە. ئەوان پێیان وایە، تێوەگلانی شارەزایانی فیقهی لە دادگایەکی باڵادا، کە بڕیاری سیاسی چارەنووسساز دەدات، دەبێتە هۆی سیاسیکردن و تائیفیکردنی دادگا. ترسی سەرەکی ئەوە بوو، ئەم شارەزایانە لە جیاتی بنەما یاســـاییەکان، پشـــت بە لێکدانەوەی ئایینی و مەزهەبی ببەســـتن، ئەمەش دەبێتە هۆی قووڵکردنەوەی ناکۆکییە سیاسییەکان و پەکخستنی کاری دادگا. لەم ڕوانگەیەوە، یاسادانەر هەوڵیداوە، دادگاکە وەک دامەزراوەیەکی مەدەنی و پسپۆڕی یاسایی بهێڵێتەوە، دوور لە ململانێ ئایدیۆلۆژییەکان. هەرچەندە ئەم پاساوە لە ڕوانگەی سیاسییەوە لەوانەیە لۆژیکی هەبێت، بەڵام کێشەی نادەستوورییبوونی ماددەکە چارەسەر ناکات (الحەكيم، ٢٠٢٥).

### 1.3.2 پەیڕەوی ناوخۆیی دادگای باڵای فیدراڵی ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٢٢)

پەیڕەوی ناوخۆی دادگای باڵای فیدراڵی ژمارە (١)ی ســـاڵی (٢٠٢٢)، کە لە (٥٢) ماددە و (١١) بەش پێکدێت، پەیڕەوی ســاڵی (٢٠٠٥)ی هەڵوەشــاندەوە. ئەم پەیڕەوە بۆ ڕێکخســتنی ڕێککارە دادوەرییەکان، تانەدان و بوارەکانی تری کاری دادگا داڕێژراوە. هەرچەندە بۆ نوێکردنەوەی سیستەمی دادوەری و گۆڕانکاری هەنگاوێکی ئەرێنییە وەکو پێشنیازی تۆمارکردنی ئەلیکترۆنی

و ڕێککارەکانی لەخۆگرتووە، بەڵام چەندین کەموکوڕی و تێبینی یاســـایی گرنگی لە ســـەرە (ماددەی (٣/دووەم) پەیڕەوی ناوخۆ ژمارە ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٢).

ماددەی (٢) دەســـەڵاتەکانی دادگای بەپێی دەســـتوور دیاری کردووە. بەڵام ماددەی (٣/سێیەم) لەبارەی

هەژمارکردنی پلەی باڵای دادوەر بەپێی فەرمانی کۆماری ناڕوونە، پێویستە ڕوونبکرێتەوە، ئایا مەبەست دامەزراندنە لە گشت دەسەڵاتی دادوەریدا یان تەنیا لە دادگای باڵای فیدراڵیدا (ماددەی (3/سێیەم) پەیڕەوی ناوخۆ ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٢).

هەروەها، ماددەی (٤/یەکەم) ڕێگە بە ســەرۆکی دادگا دەدات، دەســەڵاتەکانی بە جێگرەکەی یان یەکێک لە ئەندامان بســـپێرێت، لە کاتێکدا پەیڕەوەکە ئەو دەســـەڵاتانەی دیاری نەکردووە. هاوکات، ماددەی (٤/دووەم) ئاماژە بە بوونی دەســەڵاتی دارایی و کارگێڕی بۆ ســەرۆکی دادگا لە دەســـتووردا دەکات، کە ئەمە بنەمایەکی دەســـتووری ڕوونی نییە ( ماددەی (4/یەکەم)ی پەیڕەوی ناوخۆ ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٢).

ماددەی (4/دووەم)ی ئاماژەی بە مومارەسەکردنی دەسەڵاتە دارایی و کارگێڕییەکانی سەرۆکی دادگا کردووە، کە لە دەســـتوور و یاســـا و ڕێســـاکانی کارپێکراودا هاتووە، ئەم دەقە، ئەگەر بتوانرێت سەبارەت بە یاسا و ڕێساکان ڕاست بێت، بەڵام سەبارەت بە دەستوور، هیچ دەقێک نییە، کە ئاماژە بە دەســـەڵاتی دارایی ســـەرۆکی دادگا بکات (یاســـا موازنەی 2023-2024-2025 لە وقایعی العراقیە بە ژمارە 4728).

گرنگترین ڕەخنەکان لە ماددەکانی (١٩و٢٤ و٤٧)ی دەستووری دەگیرێت، کە بۆ پێشکەشکردنی داوای لێکدانەوەی دەســتوور جیاکاری لە نێوان دەســەڵاتی جێبەجێکردن و یاســادانان دەکات. وەزیرەکان دەتوانن ڕاستەوخۆ داواکاری پێشکەش بکەن، بەڵام پەرلەمانتاران دەبێت لە ڕێگەی ســـەرۆکـایەتی ئەنجوومەن ئەو کـارە بکەن. ئەمەش بە لاوازکردنی ڕۆڵی پەرلەمـانتـار و

پێشـــێلکردنی بنەمای یەکســـانی نێوان دەســـەڵاتەکان و لایەنگری لە بەرژەوەندیی دەســـەڵاتی جێبەجێکردن دادەنرێت (113و 28و116/ فیدراڵی/2022).

**تایبەتکارییە دەستوورییەکانی دادگای باڵای فیدراڵی**

لەم بەشـــە، ســـەرنج دەخرێتەســـەر دەســـەڵاتەکانی دادگای باڵای فیدراڵی، ســـەرەتا لە چوارچێوەی یاســـای ئیدارەی دەوڵەت بۆ قۆناغی ڕاگوزەر (٢٠٠٤) و دواتر لەژێر ســـایەی دەستووری هەمیشەیی (٢٠٠٥).

## 2.1 تایبەتکارییەکانی دادگای فیدراڵ لە ڕێکخستنی دەستووری (2004)

دوای گۆڕانکارییەکانی (٢٠٠٣) و پەســـەندکردنی ســـیســـتەمی فیدراڵی، یاســـای ئیدارەی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی ڕاگوزەر (ئینتقالی) ســـاڵی (٢٠٠٤) وەک دەســـتوورێکی کاتی دەرچوو. ئەم یاسـایە بنەماکانی پاراسـتنی ماف و ئازادییەکانی لەخۆگرتبوو (کاظم، 2022). ئەم یاسـایە پێویسـتی بە دامەزراندنی دەزگایەکی دادوەریی باڵا هەبوو بۆ یەکلاییکردنەوەی ناکۆکییەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵی، هەرێمەکان و پارێزگاکان. هەروەها بۆ چاودێریکردنی دەستووریبوونی یاساکان (ناصر، 2008).

دادگای باڵای فیدراڵی، سـەرەتا بەپێی ماددەی (٤٤)ی یاسـای ئیدارەی دەوڵەتی کاتی دامەزرا. دواتر فەرمانی ژمارە (٣٠)ی ســـاڵی (٢٠٠٥) بۆ ڕێکخســـتنی وردەکارییەکانی دەرچوو. لە ماددەی (٤٤/أ)دا ئاماژە بە دامەزراندنی دادگایەک بە ناوی "دادگای باڵای فیدراڵی" دەکات. (ماددەی (44/أ) لە یاســـای ئیدارەی دەوڵەتی ئینتقالی ســـاڵی 2004) بەپێی بڕگەی (ب)ی ماددەی (٤٤)ی یاســـای ئیدارەی دەوڵەت، دەســـەڵاتەکانی دادگا بریتی بوون لە: (الغزالي، 2017).

لێرەدا جێگەی سەرنجە، یاسای ئیدارەی دەوڵەت چاودێری دەستووریی بە سەر "یاسا و ڕێسا و ڕێنماییەکان"دا دیاریکردبوو، بەڵام فەرمانی ژمارە (٣٠)ی ساڵی (٢٠٠٥) "بڕیار و فەرمان"یشی بۆ زیادکرد. زیادکردنی "فەرمانەکان" کە بڕیاری ئیداری تاکەکەسین، وەک دەسەڵاتێکی نادروست بۆ ئەم دادگایە دادەنرێت، چونکە دەکەوێتە چوارچێوەی کاری دادگاکانی کارگێڕی پلە یەکەمەوە (فیصل، مجلس القضاء الاعلى، 2025) .

یاسای دادگای باڵای فیدراڵی ژمارە (٣٠)ی ساڵی (٢٠٠٥)، بە تەواوی پابەندی چوارچێوەی یاسای ئیدارەی دەوڵەت نەبوو. لە ماددەی (٤/سێیەم)ی یاساکەدا (المادة (٤ / الفقرة ٣) قانون رقم ٣٠ لسنة ٢٠٠٥م.)، دەسەڵاتێکی نوێی بۆ دادگا زیادکرد، کە لە یاسا بنەڕەتییەکەدا (یاسای ئیدارەی دەوڵەت) بوونی نەبوو، ئەویش بریتی بوو لە" :ڕەچاوکردنی تانەدان لە بڕیار و ئەو فەرمانانەی لە دادگای کارگێڕی دەردەچن (کاظم، 2022).

یاسای ئیدارەی دەوڵەت چاودێری دەستووریی بۆ یاسا و ڕێسا دیاریکرد، بەڵام یاسای دادگای فیدراڵی "بڕیار و فەرمان"یشی بۆ زیادکرد. مەبەست لە "بڕیارەکان" یاسادانانە، بەڵام "فەرمانەکان" کە بڕیاری کارگێڕی تاکەکەسین، لە تایبەتمەندیی دادگای باڵا نییە و ئەرکی دادگای پلە یەکەمە. (فیصل، مجلس القضاء الاعلى، 2025) ئەم دەسەڵاتە پێشتر لە تایبەتمەندییەکانی ئەنجوومەنی شورای دەوڵەت بوو، بەپێی یاسای ژمارە (٦٥)ی ساڵی (١٩٧٩). گواستنەوەی ئەم دەسەڵاتە بۆ دادگای باڵای فیدراڵی، مشتومڕێکی یاسایی گەورەی دروستکرد و دوو بۆچوونی لێکەوتەوە:

**بۆچوونی یەکەم: لایەنگرانی ئەم بۆچوونە پێیان وایە ماددەی (٤/سێیەم)ی فەرمانی ژمارە (٣٠)**

نادەستوورییە، چونکە پێچەوانەی بنەمای پلەبەندی یاساییە. بەپێی ئەم بنەمایە، یاسای ئیدارەی دەوڵەت، وەک دەقێکی باڵا، نابێت یاسایەکی ئاسایی دەسەڵاتێک زیاد بکات کە تێیدا

نەهاتووە (Ardant، 1996) دەقی ماددەی (٤/سـێیەم)ی یاسـای دادگا، کە وەک بەرگێک بۆ ماددەی (٤٤/دووەم)ی یاسـای ئیدارەی دەوڵەت هاتووە، هیچ بنەمایەکی یاسـایی نییە و بە زیادەڕۆیی لە دەسـەڵاتەکانی دادگا دادەنرێت و ئەمەش برگەکانی یاسـا باڵاکە دەخاتە بەردەم نارەزایەتی (مهدي و محمد، 2002).

ئەم دەسـەڵاتە نوێیە، کە بریتییە لە پێداچوونەوە بە بریارەکانی دادگای کارگێڕی، هیچ بنەمایەکی لە یاسای ئیدارەی دەوڵەتدا نەبوو. لە بنەڕەتدا، ئەم ئەرکە بەپێی یاسای ژمارە (٦٥)ی ساڵی (١٩٧٩)، لە چوارچێوەی دەسەڵاتی ئەنجوومەنی شورای دەوڵەتدا بوو، کە وەک دادگای پێداچوونەوە بەرپرس بوو لە پشـکنینی تانەکان لە بریارەکانی دادگای کارگێڕی (نص المادة (٧)/أولا/ ج) قانون شـوری الدولة رقم ٢٥ لسـنة ١٩٧٩) بەڵام فەرمانی ژمارە (٣٠)ی سـاڵی (٢٠٠٥)، ئەم دەسەڵاتەی لە ئەنجوومەنی شورا وەرگرتەوە و بە دادگای باڵای فیدراڵی سپارد. ئەمە بە هەنگاوێکی نادروسـت دادەنرێت، چونکە ئەرکی دادگای پێداچوونەوە (تمییز)ی داوە بە دادگایەک کە لە دەرەوەی سیستەمی دادوەری کارگێڕییە (الغزالي، 2017) (حمد، 2013).

**بۆچوونی دووەم**: ئەم بۆچوونە پێی وایە، دەسـەڵاتەکانی دادگا لە ماددەی (٤٤)ی یاسـای ئیدارەی دەوڵەتدا بە شـێوەیەکی تایبەت و سـنووردار دیاری نەکراون. دەقەکە بە ڕوونی ناڵێت "دەسەڵاتەکانی دادگا تەنیا ئەمانەن". بەڵکو ئاماژەی بە دەسەڵاتی "تایبەت و ڕەسەن" کردووە لە هەندێک بابەتدا، بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت کە یاسـادانەر نەتوانێت دەسـەڵاتی تری پێ ببەخشێت (عبد، 2011).

**تویژەر لەگەڵ بۆچوونی دووەمدایە.** نەبوونی سـنووردارکردن و بەکارهێنانی "دەسـەڵاتی ڕەسـەن" (الأصـیل)، ئاماژەیە بۆ کراوەیی ماددەکە، کە ڕێگە بە دەسـەڵاتی زیاتر دەدات بۆ پاراستنی سەقامگیریی یاسایی لە قۆناغی ڕاگوزەردا.

## 2.2 تایبەتمەندییە دەستوورییەکانی دادگای باڵای فیدراڵی لە ڕێکخستنی دەستووری (2005)

دەســتووری (٢٠٠٥)، دەســەڵاتەکانی دادگای باڵای فیدراڵی لە ماددەکانی (٧٣)، (٥٢/دووەم) و (٦١/شەشەم/ب) دیاریکرد. ئەم دەستوورە دەسەڵاتی نوێی بۆ دادگاکە زیادکرد کە لە یاسای ئیدارەی دەوڵەت و یاســای ژمارە (٣٠)دا نەبوون، ماددەی (٩٣) ســەرچاوەی ســەرەکی ئەم دەسەڵاتانەیە.

### 2.2.1 یەکەم: ئەو دەسەڵاتانەی پەیوەستن بە چاودێریکردنی کارەکانی دەسەڵاتی فیدراڵی.

ئەم دەســەڵاتانە لە ماددەی (93 /یەکەم، ســێیەم، شــەشــەم، حەوتەم) هاتوون، تایبەتن بە چاودێریکردنی دەســتووریبوونی یاســاکان، بڕیاردان لە ســەر ناکۆکییەکانی جێبەجێکردنی یاســاکان لە نێوان ناوەند و هەرێم و پارێزگاکان، بڕیاردان لە ســەر تۆمەتەکانی ئاڕاســتەی سەرۆک کۆمار و سەرۆک وەزیران و پەسەندکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان.

#### 2.2.1.1 چاودێریکردنی دەستووریبوونی یاسا و پەیڕەوەکان (ماددەی ٩٣/یەکەم)

ئەمە دەســەڵاتی ســەرەکی دادگایە، کە تیایدا چاودێری پابەندبوونی یاســا و پەیڕەوە کارپێکراوەکان بە دەســتوورەوە دەکات. ئەم چاودێرییە ناوەندییە (تەنیا لە لایەن ئەم دادگایەوە دەکرێت)، (واتە، دوای دەرچوونی یاســاکان ئەنجام دەدرێت و پڕۆژەیاســاکان ناگرێتەوە) (شــریف، 1988). بۆ نموونە، دادگا لە داوای ژمارە (١٨/فیدراڵی/٢٠٠٦)دا ڕەتیکردەوە، ســەیری ڕێککارەکانی دەنگدانی ناو پەرلەمان لە ســەر پڕۆژەیاســای دامەزراندنی هەرێمەکان بکات، بەو بیانووەی دەسەڵاتەکانی سنووردارە بەو شتانەی لە ماددەی (٩٣)ی دەستوور و ماددەی (٤)ی یاســاکەی خۆیدا (ژمارە ٣٠ی ســاڵی ٢٠٠٥) هاتوون، کە چاودێرییەکە یاســاکانی هەرێمەکانیش دەگرێتەوە، وەک لە ماددەی (١٣/دووەم)ی دەســتووردا هاتووە، "هەر دەقێکی یاســایی لە دەســتووری هەرێمەکان یان هەر یاســایەک کە لەگەڵ دەســتووری فیدراڵیدا ناکۆک بێت، بە پووچەڵ دادەنرێت".

### 2.2.1.2 یەکلاییکردنەوەی ناکۆکییەکانی جێبەجێکردنی یاسا فیدراڵییەکان (ماددەی ٩٣/سێیەم)

ئەم دەسەڵاتە، کە لە فەرمانی ژمارە (٣٠)ی ساڵی (٢٠٠٥)دا نەبوو و دەستووری (٢٠٠٥) زیادیکردووە، بریتییە لە یەکلاییکردنەوەی ئەو ناکۆکیانەی لە جێبەجێکردنی "یاسا فیدراڵییەکان و بڕیارەکان و ڕێنماییەکان و فەرمانەکان و ڕێککارەکان"ی دەرچوو لە دەسەڵاتی فیدراڵییەوە سەرهەڵدەدەن، مافی هەریەک لە ئەنجوومەنی وەزیران و خاوەن بەرژەوەندییەکان مافی تانەی ڕاستەوخۆ لە بەردەم دادگا گەرەنتی بکات". ئەم دەقە لە یاسای دادگای باڵای فیدراڵی ژمارە (30)ی ساڵی (2005)دا نەبوو، بەڵکو دەستووری (٢٠٠٥) دایهێناوە. نموونەیەکی بەرجەستەی ئەم دەسەڵاتە و ڕۆڵی سیاسی دادگا، لە بڕیاری ژمارە (٥٩/فیدراڵی/٢٠١٢) و بڕیارە تەواوکەرەکانیدا دەردەکەوێت، کە پەیوەست بوو بە نادەستووریبوونی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان. دادگا بە لێکدانەوەی ماددەکانی (١١٠، ١١١، و ١١٢)ی دەستوور، بڕیاریدا، بەڕێوەبردنی کێڵگە نەوتییەکانی پێش (٢٠٠٥) دەسەڵاتێکی فیدراڵییە. کاریگەریی سیاسی ئەم بڕیارە بریتی بوو لە گۆڕینی هاوکێشەی دەسەڵاتی ئابووری لە نێوان هەرێم و بەغدا و بووە هۆی درووستبوونی قەیرانێکی سیاسی گەورە و سنووردارکردنی توانای دارایی هەرێم. ئەمە بەڵگەیەکی ڕوونە لە سەر چۆنیەتی بەکارهێنانی لێکدانەوەی دەستووری بۆ گۆڕینی هاوسەنگی هێز.

### 2.2.2 چارەسەرکردنی ئەو ناکۆکیانەی لە جێبەجێکردنی یاساکانی فیدراڵی لە نێوان ناوەند و هەرێمەکان و پارێزگاردا سەرهەڵدەدەن.

دەستوور لە ماددەی (٩٣/چوارەم و پێنجەم)دا، دەسەڵاتی یەکلاییکردنەوەی کێشەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵی و هەرێمەکان یان پارێزگا ڕێکنەخراوەکانی داوەتە دادگای باڵای

فیدراڵی. بەڵام ئەم دەقانە ڕەخنەیان لێ دەگیرێت، چونکە دەسەڵاتەکە ناکۆکی نێوان حکومەتی فیدراڵی و پارێزگاکان، شارەوانییەکان و ئیدارە خۆجێییەکانیش دەگرێتەوە.

3. دەستووری هەمیشەیی عێراق پێکهاتەیەکی نوێی بۆ دەوڵەت هێنا و وڵاتی لە دەوڵەتێکی سادەوە گۆڕی بۆ دەوڵەتێکی فیدراڵی (ماددەی ١). لەگەڵ ئەوەشدا یاسادانەری دەستووری سیستەمی فیدراڵی بە شێوەیەکی ڕەها پەسەند نەکرد، بەڵکو سیستەمی لامەرکەزیی ئیداریشی لەگەڵدا تێکەڵکرد، کە ئەمە پرسیاری لەبارەی گونجانی لەگەڵ واقیعی عێراقدا دروستکردووە (مەهدی، 2009).
4. ئەم تێکەڵکردنە، کێشەیەکی لە دیاریکردنی دەسەڵاتەکانی دادگای باڵای فیدراڵیدا دروستکردووە. لە کاتێکدا ئاسایی و لۆژیکییە، دادگا سەیری کێشەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵی و هەرێمەکان بکات، بەڵام دەستوور دەسەڵاتی یەکلاییکردنەوەی ناکۆکییەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵی و یەکە ئیدارییەکانیشی (وەک پارێزگا و شارەوانییەکان) پێداوە. ئەمە فراوانکردنێکی ناپێویستی دەسەڵاتەکانی دادگایە، چونکە کێشەی یەکە ئیدارییەکان دەکەوێتە چوارچێوەی دەسەڵاتی دادوەری ئاسایی و کارگێڕییەوە. جێگەی ئاماژەیە، ئەم هەڵەیە لە بنەڕەتدا لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتەوە بۆ دەستووری هەمیشەیی گواستراوەتەوە و پێویستە لە داهاتوودا چارەسەر بکرێت.
5. سەبارەت بە ناکۆکی نێوان حکومەتی فیدراڵی و هەرێمەکان، دەسەڵاتی دادگا بنەڕەتییە و ڕۆڵێکی گرنگی دەستووریی هەیە وەک پارێزەری سیستەمی دیموکراسی و هاوسەنگی سیاسی. ئەمە هاوشێوەی ڕۆڵی دادگای دەستووریی ئەڵمانیایە لە چاودێریکردنی یەکێتییەکەیدا، هەروەها دادگای باڵای ئەمریکا، کە لە بڕیاری بە ناوبانگی (ماربێری دژی مادیسۆن)دا دەرکەوت (طي، 2013) .

کەواتە، ڕۆڵی سەرەکی کە دادگای باڵای فیدراڵی دەیگێڕێت، بریتییە لە چاودێریکردنی یەکێتییەکە (فیدراڵ) وێڕای چاودێری دەستووریبوونی یاساکان، کە مانای ڕێزگرتنە لە دابەشکردنی ئەو دەسەڵاتانەی کە دەستوور لە نێوان دەوڵەتی فیدراڵی و ویلایەتەکاندا (یان هەرێمەکان) دیاریکردووە (غەزال، 1966)

## 2.2.3 چارەسەرکردنی ئەو تۆمەتانەی ئاراستەی سەرۆکی کۆمار و سەرۆک وەزیران و وەزیرەکان دەکرێت

بەپێی دەستووری عێراقی ساڵی (٢٠٠٥)، سەرۆک کۆمار لە دوای سزادانی لە لایەن دادگای باڵای فیدراڵییەوە لە سەر یەکێک لە تاوانەکانی (سوێندی درۆ، پێشێلکردنی دەستوور، یان خیانەتی گەورە)، دەکرێت، بە زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران لە کارەکەی دووربخرێتەوە. ڕۆڵی دادگای فیدراڵی تەنیا بەم سێ تاوانە سنووردارە و تاوانەکانی تر لە دادگا ئاساییەکان دادگایی دەکرێن (الترکاوي، ٢٠١٧). بۆیە بەرپرسیاریەتی سیاسی و تاوانکاری پایەی بنەڕەتی سیستمی پەرلەمانییە، گەرەنتی ئازادییە گشتییەکان دەکات. ئەگەر ئەم پایە نەما، سیستەمی حکومەت وەکو سیستەمی پەرلەمانی، ڕێککارەکانی لێکۆڵینەوە و دادگاییکردندا ناکرێت. کێشەی سەرەکی، دەرنەچوونی یاسایەکە بەپێی ماددەی (٩٣/شەشەم)ی دەستوور بۆ لێپرسینەوە لە تۆمەتەکانی ئاراستەی سەرۆک کۆمار، سەرۆک وەزیران و وەزیرەکان دەکرێن. ئەمە بۆشاییەکی یاسایی گەورەی دروستکردووە و ڕێگرە لە سزادانیان لە سەر گەندەڵی یان تاوانکاری.

**توێژەر پێی وایە،** ئەم دۆخە بنەمای یەکسانی ماددەی (١٤)ی دەستوور پێشێل دەکات. نەبوونی یاسا بۆشاییەکی دروستکردووە، کە ڕێگرە لە لێپرسینەوە لە گەندەڵی. ئەمەش بە هەڵپەساردنی دەستوور دادەنرێت، پێویستە بڕیار لە سەر دارشتنی یاسایەکی گونجاو بدات و ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاری جێبەجێکردنی دابینبکات.

### 2.2.4 پەســـــەندکردنی ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنی گشـــــتی بۆ ئەندامیەتی لە ئەنجوومەنی نوێنەران

بەپێی دەستووری (٢٠٠٥)، دادگای باڵای فیدراڵی دەسەڵاتی پەسەندکردنی ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکانی پێ ســـپێردراوە. پرۆســـــەی تانەگرتن ســـــەرەتا لە بەردەم دەســـــتەی باڵای هەڵبژاردنەکانە و دواتر، لە ئەگەری قەناعەت نەکردن، دەگاتە دادگای باڵا، کە ئەمە بۆ پاراسـتنی ڕەوایی پرۆسەکە گرنگە (مجید، 2021) (درویش، 2004)

ئەم دەســـەڵاتە لە یاســـای خودی دادگاکەدا نەهاتووە، بەڵکو لە دەســـتووری عێراقی (٢٠٠٥) و یاســـای کۆمیســـیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان (ژمارە ١١ی ســـاڵی ٢٠٠٧) ســـەرچاوەی گرتووە. کەموکورپییەکی یاســـای کۆمیســـیۆن ئەوەیە، کە پەســـەندکردنی دادگای کردووەتە مەرجێکی پێشـــــوەختە بۆ ڕاگەیاندنی ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەران (الزاملي و محسن، 2016).

ڕۆڵی دادگا لێرەدا تەنیا پەســـــەندکردنە دوای ئەوەی کۆمیســـــیۆن هەموو قۆناغەکانی (لە تۆمارکردنی کاندیدەوە تا یەکلاییکردنەوەی تانەکان) تەواو دەکات. ئەم پەسەندکردنە کاریگەری یاسایی و دەستووری بە ئەنجامەکان دەبەخشێت و دەیانگەیەنێتە قۆناغی جێبەجێکردن (ماددەی (93/حەوتەم)ی دەســــــتووری عێراق ســـــــاڵی 2005) جگە لەمە، دادگای باڵای فیدراڵی بەپێی ماددەی (٥٢)ی دەســـتوور، دەســـەڵاتی بڕیاردانی لە ســـەر دروسـتی ئەندامیەتی پەرلەمانتارانی هەیە. نموونەی وەکو بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی پاڵپشـــــت بە ماددەکانی (٥٢/یەکەم) و (١٣/یەکەم، دووەم)ی دەســـــتوور، لە دژی بڕیـاری ئەنجوومەنی نوێنەران ژمـارە (١٥٤ لە ٢٠١٨/١١/٧) کە پەیوەست بوو بە یونادم یوسف کنا ((214/فیدراڵ/2018)، 2019)

کۆمیسیۆنی باڵای سـەربەخۆی هەڵبژاردن یاسـای ئەنجوومەنی نوێنەران پەسـەندکردنی دادگای بە پێویسـتی سـەرەکی داناوە. ( کۆمیسـیۆنی باڵای سـەربەخۆی هەڵبژاردن (ژمارە ٣١ی ٢٠١٩)

لە ماددەی 10/حەوتەم و یاسای ئەنجوومەنی نوێنەران (ژمارە ١٣ی ٢٠١٨) لە ماددەی ٤/یەکەم) سەرەڕای ئەمە، دەسەڵاتی پەسەندکردنی دادگا ڕووبەڕووی ڕەخنەی جددی بووەتەوە، چونکە بەپێی یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی (٢٠٠٧)، کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن بەرپرسیاری سەرجەم پرۆسەی هەڵبژاردنە. ئەم دۆخە چەند پرسیارێکی دەستووری گرنگی دروستکردووە: ئایا پەسەندکردنی ئەنجامەکان (بەبێ تانە) کۆتایی و فەرمییە؟ ئایا دادگا دەبێت تەواوی پرۆسەکە بپشکنێت؟ ئەگەر ئەنجامەکان پەسەند نەکران، ئایا هەڵبژاردن دووبارە دەکرێتەوە؟ ئەم کێشانە پێویستیان بە ڕوونکردنەوەی یاسایی و دەستووری بەپەلە هەیە (فیصل، المحكمة الاتحادية العليا ودورها في ضمان مبدأ المشروعية، 2008) دادگای باڵا دوای جێبەجێکردنی ڕێککارەکان، بڕیار لە سەر ئەو ناوانە دەدات، کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بۆی ناردوون. کە لە لایەن کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانەوە نێردراوە. ئەم بڕیارانە بریتین لە:

#### 2.2.4.1 پەسەندکردنی ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکان

دوای ئەوەی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان ناوی پاڵێوراوەکان پەسەند دەکات و بۆ دادگای باڵای فیدراڵی دەنێرێت، دادگا زۆربەی کات پەسەندیان دەکات. بۆ نموونە، بڕیاری ژمارە (٣٥/ت.ق/٢٠١٠) لە (٢٠١٠/٦/١)، ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ساڵی (٢٠١٠)ی پەسەندکرد.

#### 2.2.4.2 دواخستنی دەرکردنی بڕیار لە سەر پەسەندکردن بۆ کاتی دیاریکراو

دادگای باڵای فیدراڵی دەتوانێت پەسەندکردنی ئەنجامی هەندێک پاڵێوراوی براوە بۆ دڵنیابوونەوە لە مەرجە یاساییەکانیان دوابخات، لە بڕیاری ژمارە (٣٥/ت.ق/٢٠١٠) لە ٢٠١٠/٦/١) پەسەندکردنی ئەنجامی دوو پاڵێوراو (عومەر کەربۆلی و فرات مەرزوق) دواخرا.

هۆکارەکە بوونی خاڵی نادیار بوو لە دۆسـیەکانیاندا، تا ئەو کاتەی کۆمیسـیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان بڕیاری کۆتاییان لە سەر دەدات.

### 2.2.5 بریتییە لەو تایبەتمەندییە دەسـتووریانەی پەیوەندیان بە سـیسـتەمی فیدراڵی و لامەرکەزییەوە

### هەیە.

ئەم تایبەتمەندییە دەسـتووریانەی لە ماددەی (93/ چوار، پێنج و هەشـت) لە دوو بڕگە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت. یەکەم، دەقی ماددەی (93/ پێنجەم، چوارەم) یەکلاییکردنەوەی ئەو مشـتومڕانەی لە نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتەکانی هەرێمەکان، پارێزگاکان، شارەوانییەکان و ئیدارە ناوخۆییەکان ڕوودەدەن.

### 2.2.5.1 یەکلاییکردنەوەی ئەو ناکۆکیانەی لە نێوان حکومەتی هەرێمەکان یان پارێزگاکاندا سەرهەڵدەدەن.

دادگا دەبێت ناکۆکی نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمەکان یەکلاییبکاتەوە. بەڵام کێشـەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵی و یەکە کارگێڕییەکان (وەک قایمقامیەت و شـارەوانییەکان) جێگای پرسـیارە، چونکە بەپێی سـیسـتەمی لامەرکەزی کارگێڕی کاردەکەن و ناکۆکییەکانیان دەکەوێتە چوارچێوەی دەسـەڵاتی دادگای ئاسـایی و کارگێڕییەوە، نەک دادگای باڵای فیدراڵی. هەرچەندە ماددەی (١٢٢/پێنجەم)ی دەستوور ئاماژە بە سەربەخۆیی ئەنجوومەنی پارێزگا دەکات (فیصل، مجلس القضاء الاعلی، 2025).

ڕۆڵی سـەرەکی دادگای باڵای فیدراڵی، چاودێریکردنی سـیسـتەمی فیدراڵی جگە لە چاودێریی دەستووریبوونی یاساکان. واتە، ڕێزگرتن لە دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی نێوان دەوڵەتی فیدراڵی و ویلایەتەکان کە لە دەسـتوور هاتووە (غەزال، 1966) لە سـەر ئەم بنەمایە، ئەو ناکۆکیانەی نێوان حکومەتی ناوەندی و ئەنجوومەنە خۆجێیەکاندا دروسـت دەبن، بەپێی پرەنسـیپی

لامەرکەزی ئیداری کاردەکەن. بەرپرسیاریەتی دادوەری ئاسایی و ئیدارییە و هیچ پاساوێک نییە بۆئەوەی دادگای باڵای فیدراڵی پێیانەوە سەرقاڵ بێت (فیصل، المحكمة الاتحادية العليا ودورها في ضمان مبدأ المشروعية، 2008).

**توێژەر پێی وایە،** بە پێداچوونەوە بە بڕیارەکانی دادگای فیدراڵ دەردەکەوێت، لەگەڵ ئەوەی لە دەستوور دیاریکراوە. دادگا دەسەڵاتی خۆی بۆ بڕیاردان لە سەر ناکۆکییەکانی نێوان حکومەتەکانی هەرێم یان پارێزگاکان بەکارنەهێناوە، ئەم دەسەڵاتە لە لایەن دادگاکانی ئاسایی و ئیداری بەڕێوەدەبرێت، توێژەر بە پێویستی دەزانێت ئەم دەسەڵاتە لە تایبەتکارییەکانی دادگای باڵای فیدراڵی بهێنێتەدەرەوە.

### 2.2.5.2 بڕیاردان لە سەر مشتومڕەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتەکانی هەرێم و شارەوانی و ئیدارە خۆجێییەکان

دەستووری عێراقی (٢٠٠٥) لە ماددەی (٩٣/پێنجەم)دا، دادگای باڵای فیدراڵی بۆ "یەکلاییکردنەوەی ناکۆکییەکانی نێوان هەرێمەکان یان پارێزگاکان" ڕاسپاردووە. لێکدانەوەی ئەم دەقە جێگای مشتومڕە. هەندێک پێیان وایە، ناکۆکی نێوان هەرێمێک و پارێزگایەکی ناوخۆی خۆی دەگرێتەوە، چونکە یاسادانەر وشەی "نارێکخراو لە هەرێمێکدا"ی بەکارنەهێناوە. بەڵام بۆچوونی بەهێزتر ئەوەیە کە مەبەست، ناکۆکی نێوان هەرێمێک و پارێزگایەکی نارێکخراوە لە دەرەوەی ئەو هەرێمە (فیصل، المحكمة الاتحادية العليا ودورها في ضمان مبدأ المشروعية، 2008). ئێمە پێمان وایە، ناکۆکییەکانی نێوان هەرێم و پارێزگایەکی سەر بەو هەرێمە دەبێت بەپێی دەستوور و دەسەڵاتی دادوەریی هەرێم چارەسەر بکرێن، نەک دەستووری فیدراڵی و دادوەری فیدراڵی.

هەرچەندە قبووڵکراوە، دادگای باڵای فیدراڵی سەیری ناکۆکی نێوان هەرێمەکان بکات، بەڵام ناکۆکی نێوان پارێزگاکان دەکەوێتە چوارچێوەی دەسەڵاتی دادگای ئاسایی یان کارگێڕییەوە

(مـاددەی 110/هەشـــــتەم). لە عێراقدا کە تەنیا یەک هەرێم هەیە، ناکۆکی نێوان هەرێمێک و پارێزگایەکی نارێکخراو، وەک کێشـــــەی ئاو، لە دەســـــەڵاتی دادگای فیدراڵیدایە تەنانەت ئەگەر حکومەتی فیدراڵیش لایەنێک بێت (التميمي، 2016). لێرەدا ڕەنگە هەرێم پشـت بە ماددەی (١١٥) ببەسـتێت، کە پێشـینەیی بە یاسـای هەرێم دەدات لە تایبەتمەندییە دەسـتوورییە هاوبەشـەکاندا. ئەگەر ناکۆکی لە سـەر دەسـەڵاتێکی دادوەری سـەرهەڵبدات، جگە لەو دەسـەڵاتە تایبەتانەی کە مافی حکومەتی ناوەندییە، هەر کاتێک بخرێتە بەردەم دادگا دەبێت دادگا بڕیاری ناکۆکییەکە بدات. ماددەی (115) پێوەرێک بۆ جیاکردنەوەی دەسەڵاتی دادوەری ناوەند و هەرێمەکان.

### 2.2.6 لێکدانەوەی دەقە دەستوورییەکان

دەسەڵاتی لێکدانەوەی دەقە دەستوورییەکان لە یاسای ئیدارەی دەوڵەت (٢٠٠٣) و فەرمانی ژمارە (٣٠)ی سـالّی (٢٠٠٥)دا نەبوو، بەڵام دەســـــتووری (٢٠٠٥) لە ماددەی (٩٣/دووەم) ئەم تایبەتمەندییەی بۆ دادگای باڵای فیدراڵی زیادکرد. هەڵوێستی دادگا لەم بارەیەوە جێگیر نەبووە، بە چەنـدین شـــێوە دەرکەوتووە: هەنـدێکجـار داوای لێکـدانەوەی ڕەتکردووەتەوە ( (٢١/فیـدراڵی/٢٠١٦، 2016)، (104/فیـدراڵی/2017، 2017))و هەنـدێکجـار بۆ ئەنجوومەنی دەوڵەتی ناردووە، لە حاڵەتەکانی تر( (١٥/فیدراڵی/٢٠٠٧، 2007)، (١٤/فیدراڵی/٢٠٠٧، 2007)) پێشـــکەشـــکردنی لێکـدانەوە بۆ یـاســــاکـان لە کـاتێکی تر ( (٨/فیـدراڵی/٢٠٠٧، 2007)، (٢٨/فیـدراڵی/٢٠٠٧، 2008)) بەڵام هەڵوێســـتی ئێســـتـای ئەوەیە کە لێکـدانەوەی دەقە دەســـتوورییەکـان، چ لە چوارچێوەی داوایەکدا بێت یـان لە ســـەر داوای ڕاســـتەوخۆ، لە تایبەتکارییەکانی دادگای باڵای فیدراڵییە (48/اتحادية/2021، 2021).

نموونەیەکی بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵییە لە دۆسـیەی ژمارە (71/اتحادية/2021، 2021) لە سـەر داوای سـەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران سـەبارەت بە کارایی ماددەی (١٤٠)ی دەسـتوور، دادگا ڕایگەیاند ماددەکە بۆ ئاســـاییکردنەوەی بارودۆخی ئەو ناوچانەی ڕووبەڕووی گۆڕانی

دیمۆگرافی بوونەتەوە، ئەرکی جێبەجێکردنی بە دەسەڵاتی جێبەجێکردن سپاردووە. دادگا جەختیکردەوە، کە بە هۆی تەواونەبوونی هەنگاوەکان، ماددەکە کاریگەری ماوە و جێبەجێکردنی ناچارییە. بەسەرچوونی وادەکەیشی، دەقەکە لەکار ناخات و هەر گۆڕانکارییەک تیایدا پێویستی بە هەموارکردنەوەیە بەپێی ماددەی (١٤٢)ی دەستوور. بە ژمارە (54/اتحادیة/2017، 2017) کە تایبەتە بە میکانیزمەکانی هەموارکردنەوەی دەستوور، وەک لە ماددەی (١٤٢)دا هاتووە.

یەکێک لەو خاڵانەی کە ڕۆڵی سیاسی دادگای بە ڕوونی دەرخست، لێکدانەوەی ماددەی (٧٦)ی دەستوور بوو، سەبارەت بە چەمکی "گەورەترین کوتلەی پەرلەمانی". لە کاتێکدا دەقەکە ناڕوون بوو، دادگای فیدراڵی لە بڕیاری ژمارە (٢٥/فیدراڵی/٢٠١٠)دا لێکدانەوەیەکی پێشکەشکرد و ڕایگەیاند، مەبەست لێی ئەو کوتلەیەیە، دوای هەڵبژاردنەکان لە ناو یەکەم دانیشتنی پەرلەماندا پێکدێت، نەک لیستی براوەی هەڵبژاردن. ئەم لێکدانەوەیە ڕاستەوخۆ دەستوەردانی لە پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت کرد و بووە ئامرازێکی سیاسی بۆ لایەنەکان تاوەکو هاوپەیمانی نوێ دروستبکەن و ئەنجامەکانی هەڵبژاردن تێبپەڕێنن. لێرەدا دادگا لە ڕۆڵی ڕاڤەکارێکی یاساییەوە بوو بە یاریزانێکی سەرەکی لە دیاریکردنی سەرۆک وەزیران.

### 2.2.7 تایبەتمەندییەکانی تری دادگای باڵای فیدراڵی

جگە لە دەسەڵاتە بنەڕەتییەکانی، دادگای باڵای فیدراڵی چەندین دەسەڵاتی دادوەری تر بەکاردەهێنێت، کە لە هەندێک یاسا یان دەستووردا ئاماژەیان پێکراوە (العبیدی ماهر مخمد بصیر، 2021)، (سامی جبار حسون، عدنان عاجل عبید، 2017)

#### 2.2.7.1 دەسەڵاتی تانەدان بۆ بڕیارەکانی دەسەڵاتی دادوەری هەڵبژاردن لە دادگای پێداچوونەوە:

بەپێی ماددەی (32/چوارەم) لە یاسای حیزبەکان (ژمارە 36ی 2015)، تانە لە بڕیارەکانی دامەزراندن و هەڵوەشاندنەوەی حیزبەکان لە دادگای باڵای فیدراڵی دەگیرێت. وەک نموونە، دادگا مەرجی بڕوانامەی زانکۆیی (ماددەی 9/شەشەم)ی بە نادەستووری دانا، چونکە پێچەوانەی ماددەکانی (14، 16، 38)ی دەستوور بوو. ئاماژەی بە مێژووی سەرکردەکانی عێراق کرد، کە خوێندنیان نەبووە و لەو ڕوانگەوە ماددەی (9/شەشەم)ی یاسای حیزبە سیاسییەکان نادەستوورییە (3/اتحادية/2016، 2016)، پاڵپشت بەو بڕیارە ڕەتکرایەوە (د. مصدق عادل طالب ، حسام عبد الحسين بلاسم، 2008) لە بڕیارێکی تری دادگای فیدراڵ لێکچوون لە ناوی حزبەکان، دەبێتە هۆکاری دروست بوونی هەڵە (107/فیدراڵ/2017، 2017) .

### 2.2.7.2 یاسای بەرگریکردن لە سەلامەتی نیشتمانی ژمارە (1)ی ساڵی 2004:

یاسای بەرگریکردن لە سەلامەتیی نیشتمانی (٢٠٠٤) ڕۆڵێکی گرنگی دادوەری لە دۆخی هەستیاردا دیاری دەکات. ماددەی (٧/سێیەم)ی یاساکە دەسەڵاتێکی تایبەت دەدات بە سەرۆکی دادگای فیدراڵی بۆ ڕاسپاردنی دادوەرێکی تایبەت بۆ لێکۆڵینەوە لە تاوانێکی دیاریکراو. هاوکات، ماددەی (٧/دووەم) بڕیار و ڕێککارەکانی حکومەت لە کاتی فریاکەوتندا دەخاتە ژێر چاودێری دادوەرییەوە، کە لە کۆتاییدا دادگای باڵای فیدراڵی دەسەڵاتی پەسەندکردن یان هەڵوەشاندنەوەی ئەو ڕێککارانەی هەیە، بە لەبەرچاوگرتنی سروشتی نائاسایی بارودۆخەکە.

### 2.2.7.3 یاسای ڕەگەزنامە ژمارە (26)ی ساڵی (2006)

پەیوەندی بە بڕیارەکانی دادوەری کارگێڕی هەیە ماددەی (20) هەردوو داواکاری ڕەگەزنامە و وەزیر سەرەرای پۆستەکەی، مافی ئەوەیان هەیە لەبەردەم دادگای باڵای فیدراڵی تانە لەو بڕیارە بدەن، کە لە لایەن دادگا کارگێڕییەکانەوە دەرچووە.

#### 2.2.7.4 قبووڵکردنی کاندیدەکان بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار بەپێی یاسای کاندیدکردن بۆ سەرۆکی کۆمار ژمارە (8)ی ساڵی (٢٠١٢) :

بەپێی ماددەی (٦/یەکەم)، هەر کەسێک ناوی لە لیستی کاندیدەکانی سەرۆک کۆماردا نەبێت، مافی تانەدانی لە ماوەی (٣) ڕۆژدا لە دادگای فیدراڵی هەیە. دوای بڕیاری دادگا، پەرلەمان کاندیدە پەسەندکراوەکان ڕادەگەیەنێت. سەرۆکی هەڵبژێردرا و بەپێی ماددەی (٥٠)ی دەستوور و بە ئامادەبوونی سەرۆکی دادگا، سوێندی یاسایی دەخوات.

**توێژەر پێی وایە،** ئەم ڕەوتە لەگەڵ ئامانجە بنەڕەتییەکانی دامەزراندنی دادگای باڵای فیدراڵیدا ناگونجێت، چونکە زیادبوونی دەسەڵاتەکانی دادوەری دەبێتە هۆی دروست بوونی بارگرانی بۆ دادگا، بە تایبەت لەو بابەتانەی لە لایەنە کارگێڕییەکان یان مەدەنییەکان نیزیکترن، دەبێت بابەتە کارگێڕی و مەدەنییەکان لە تایبەتمەندی دادگا تایبەتمەندەکاندا (وەک پێداچوونەوە و کارگێڕی) بمێننەوە.

### 3. گرنگترین ئەنجامەکان

3.1.دادگای باڵای فیدراڵی لە قەیرانێکی شەرعیەتی دەستووری بەردەوامدایە، سەرەتا بە هۆی کارکردنی بە یاسای کاتی ژمارە (٣٠)ی ساڵی (٢٠٠٥)، دواتریش بە هۆی پێکهاتەی ئێستایەوە، کە ماددەی (٩٢/دووەم)ی دەستووری پشتگوێ خستووە، ئەمەش شەرعیەتەکەی دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

3.2.دادگا بە هۆی بۆشایی یاسایی و لێکدانەوەی فراوانی دەقە دەستوورییەکانەوە، لە ڕۆڵی بنەڕەتی خۆی وەک پارێزەری دەستوور دەرچووە و بووەتە ئەکتەرێکی سیاسی کاریگەر. ئەمەش بووەتە هۆی تێکدانی هاوسەنگی نێوان دەسەڵاتەکان و دەستوەردان لە پرۆسەی سیاسیدا.

3.3 دەسەڵاتەکانی دادگا بە شێوەیەکی ناپێویست فراوان بوون و دەستوەردانیان لە تایبەتمەندییەکانی دادگاکانی تر (وەک دادگای کارگێڕی) کردووە. هاوکات، پەیڕەوە ناوخۆییەکانی دادگا چەندین کێشەی یاسایی و ڕێککارییان هەیە، کە کاریگەری نەرێنییان لە سەر دادپەروەری پرۆسەیی هەبووە.

3.4 بۆشایی یاسایی لە دەرنەکردنی یاسای تایبەت بە لێپرسینەوە لە بەرپرسە باڵاکان (ماددەی ۹۳/شەشەم)، بووەتە هۆی پەکخستنی میکانیزمێکی گرنگی چاودێری. ئەمەش جۆرێک لە پارێزبەندی کردەیی بۆ بەرپرسان دروستکردووە و بنەمای یەکسانی لە بەردەم یاسادا لاواز دەکات.

## 4 گرنگترین پێشنیازەکان

4.1 پێویستە ئەنجوومەنی نوێنەران بەپەلە یاسایەکی نوێی هەمیشەیی بۆ دادگا دەربکات، کە بەتەواوی لەگەڵ دەق و ڕۆحی دەستووری (۲۰۰۵)دا بگونجێت و کێشەی شەرعیەتی پێکهاتەی دادگاکە بەپێی ماددەی (۹۲/دووەم) چارەسەر بکات.

4.2 پێویستە لە یاسا نوێیەکەدا، دەسەڵاتەکانی دادگا بەوردی دیاری بکرێنەوە و سنووردار بکرێن بۆ چوارچێوە دەستوورییەکەی خۆی. ئەمەش بۆ ڕێگریکردنە لە دەستوەردان لە کاری دادگاکانی تر و پاراستنی ڕۆڵی بنەڕەتی دادگایە.

4.3 پێویستە دادگای باڵای فیدراڵی پێداچوونەوەیەکی گشتگیر بۆ پەیڕەوی ناوخۆی ساڵی (۲۰۲۲) بکات، بە ئامانجی نەهێشتنی ناکۆکییەکان لەگەڵ یاسا کارپێکراوەکانی تر و دڵنیابوونەوە لە ڕێزگرتن لە بنەمای پلەبەندی یاسایی و دادپەروەری ڕێککاری.

4.4 پێویستە دەسەڵاتی یاسادانان کار لە سەر دەرکردنی یاسای تایبەت بە لێپرسینەوە لە بەرپرسە باڵاکان بکات (ماددەی ۹۳/شەشەم). ئەم هەنگاوە بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی یاسایی و بەهێزکردنی بنەماکانی لێپرسینەوە و سەروەری یاسا گرنگە.

## Bibliography

1. أ. بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدراڵی و یاساکان
2. دادگای باڵای فیدراڵی. (٢٠٠٧). بڕیاری ژمارە ٨/فیدراڵی/٢٠٠٧. بەردەستە لە: https://www.iraqfsc.iq/krarid/8_fed_2007.pdf
3. دادگای باڵای فیدراڵی. (٢٠٠٧). بڕیاری ژمارە ١٤/فیدراڵی/٢٠٠٧. بەردەستە لە: https://www.iraqfsc.iq/krarid/14_fed_2007.pdf
4. دادگای باڵای فیدراڵی. (٢٠٠٧). بڕیاری ژمارە ١٥/فیدراڵی/٢٠٠٧. بەردەستە لە: https://www.iraqfsc.iq/krarid/15_fed_2007.pdf
5. دادگای باڵای فیدراڵی. (٢٠٠٨). بڕیاری ژمارە ٢٨/فیدراڵی/٢٠٠٧. بەردەستە لە: https://www.iraqfsc.iq/krarid/28_fed_2007.pdf
6. دادگای باڵای فیدراڵی. (٢٠١٦). بڕیاری ژمارە ٣/اتحادیة/٢٠١٦. بەردەستە لە: https://www.iraqfsc.iq/krarid/67_fed_2016.pdf
7. دادگای باڵای فیدراڵی. (٢٠١٦). بڕیاری ژمارە ٢١/فیدراڵی/٢٠١٦. .pdf2016_fed_21https://www.iraqfsc.iq/krarid/
8. دادگای باڵای فیدراڵی. (٢٠١٧). بڕیاری ژمارە ١٩/فیدراڵی/٢٠١٧. بەردەستە لە: https://iraqfsc.iq/krarid/19_fed_2017.pdf
9. دادگای باڵای فیدراڵی. (٢٠١٧). بڕیاری ژمارە ٥٤/اتحادیة/٢٠١٧. بەردەستە لە: https://www.iraqfsc.iq/krarid/54_fed_2017.pdf
10. دادگای باڵای فیدراڵی. (٢٠١٧). بڕیاری ژمارە ١٠٤/فیدراڵی/٢٠١٧. بەردەستە لە: https://www.iraqfsc.iq/krarid/104_fed_2017.pdf
11. دادگای باڵای فیدراڵی. (٢٠١٧). بڕیاری ژمارە ١٠٧/فیدراڵی/٢٠١٧. بەردەستە لە: https://www.iraqfsc.iq/krarid/107_fed_2017.pdf
12. دادگای باڵای فیدراڵی. (٢٠١٩). بڕیاری ژمارە ٣٨/فیدراڵی/٢٠١٩. .pdf2019_fed_38https://www.iraqfsc.iq/krarid/

13. دادگای باڵای فیدراڵی. (٢٠١٩). بڕیاری ژمارە ٢١٤/فیدراڵی/٢٠١٨. بەردەستە لە: https://www.iraqfsc.iq/krarid/214_fed_2018.pdf

14. دادگای باڵای فیدراڵی. (٢٠٢١). بڕیاری ژمارە ٤٨/اتحادية/٢٠٢١. بەردەستە لە: https://www.iraqfsc.iq/krarid/48_fed_2021.pdf

15. دادگای باڵای فیدراڵی. (٢٠٢١). بڕیاری ژمارە ٧١/اتحادية/٢٠٢١. بەردەستە لە: https://www.iraqfsc.iq/krarid/71_fedaa_2021.pdf

16. وەزارەتی داد. (٢٠٠٦). یاسای ژمارە (٢٦)ی ساڵی ٢٠٠٦. بەردەستە لە: https://www.moj.gov.iq/uploaded/4334.pdf

17. دووەم: سەرچاوە لاوەکییەکان (Secondary Sources)

18. أ. کتێبەکان (بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی)

19. البصيصي، ص.ج. (٢٠١٤). انفصال الوحدات المكونة للدولة الفيدرالية. مجلة المحقق الحلي للعلوم القانونية والسياسية، المجلد ٦ (٢)، ص. ٢٦٤.

20. التركاوي، س. (٢٠١٧). دور رئيس مجلس الوزراء في النظام النيابي البرلماني. الطبعة الأولى. بيروت: منشورات الحلبي الحقوقية.

21. الجبوري، ک. (٢٠٢٣). الاختصاص التفسيري للمحكمة الاتحادية العليا. الإسكندرية: دار المعرفة للنشر والتوزيع.

22. الشكري، ع.ي. (٢٠١٧). الوجيز في النظام الدستوري العراقي. بيروت: منشورات زين الحقوقية.

23. العبيدي، ف.ج. (٢٠٢٥). حظر المحاكم الخاصة ورقابة المحكمة الاتحادية العليا. الإسكندرية: دروب المعرفة.

24. العبيدي، م.م.ب. (٢٠٢١). الطعن بالانتخابات النيابية امام المحكمة الاتحادية العليا فى العراق، دراسة مقارنة. القاهرة.

25. الغزالي، س.ع. (٢٠١٧). الرقابة على دستورية القوانين واللوائح، القانون المصرى والعراقى. القاهرة: دار النهضة العربية.

26. الهلالي، ع. (٢٠٢١). النظرية العامة فى تفسير الدستور واتجاهات المحكمة الاتحادية العليا. لبنان: منشورات زين الحقوقية.

27. حمد، ف.د. (٢٠١٣). اختصاصات المحكمة الاتحادية العليا في العراق. بيروت: مكتب زين الحقوقية.

28. خيرالله، س.ش. (٢٠١٩). دور المحكمة الاتحادية العليا في العراق في الرقابة على الانحراف التشريعي. بغداد: مكتبة القانون المقارن.

29. درويش، م. (٢٠٠٤). النظرية العامة والرقابة الدستورية. الطبعة الأولى. القاهرة: دار النهضة العربية.

30. شريف، ع. (١٩٨٨). قضاء الدستورية. القاهرة: دار النهضة العربية.

31. طالب، م. (٢٠١٥). القضاء الدستورى فى العراق. بغداد: دار السنهورى.

32. طي، م. (٢٠١٣). القانون الدستوري والمؤسسات السياسية. بغداد: منشورات زين الحقوقية.

33. عادل، م. (٢٠١٨). قانون المحكمة الاتحادية العليا بين الواقع النظري والآفاق المستقبلية. بيروت: دار السنهورى.

34. عبد، ص.خ. (٢٠١١). المحكمة الاتحادية العليا في العراق اختصاصها وتشكيلها دراسة مقارنة.

35. غەزال، ئ. (١٩٦٦). دەستوورەکان و دامەزراوە سیاسییەکان. لوبنان: دەزگای عیزەدین بۆ چاپ.

36. فيصل، م.غ. (٢٠٠٨). المحكمة الاتحادية العليا ودورها في ضمان مبدأ المشروعية. الطبعة الأولى. بغداد: مكتبة الثقافة القانونية.

37. كاظم، م.ج. (٢٠٢٢). التنظيم الدستورى والقانونى للمحكمة الاتحادية فى النظام الاتحادى – دراسة مقارنة. بيروت: دار السنهورى.

38. مجيد، ا. (٢٠٢١). ألية تحريك الدعوى الدستورية وشروطها أمام المحكمة الأتحادية العليا "دراسة تحليلية مقارنة". الطبعة الأولى. المركز العربي للدراسات والبحوث العلمية.

39. محمد، م.ع. (٢٠٠٩). الفيدرالية وامكانية تطبيقها كنظام سياسى (العراق نموذجا). بيروت: المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع.

40. مدحت، ا.ا. (٢٠١٠). القضاء فى العراق، دراسة استعراضيية. بغداد: مطبعة العدالة.

41. مەهدی، غ. (٢٠٠٩). دوو سیستەمی فیدراڵییەت و لامەرکەزیی ئیداری لە دەستووری کۆماری عێراقی ٢٠٠٥ / گۆڤاری یاسادانان و دادوەری / بەغدا / ژمارە یەک / ٢٠٠٩ / ل ١٨.

42. ناجي، م. (٢٠٠٧). المحكمة الاتحادية العليا في العراق، دراسة تطبيقية في اختصاص المحكمة والرقابة. النجف: دار الضياء للطباعة والتصميم.

43. ناصر، ح. (٢٠٠٨). الرقابة على دستورية القوانين العراق أنموذجا. الأكاديمية العربية المفتوحة.

44. يعكوب، م.ق. (٢٠٢٢). الدور الاجتهادى للمحكمة الاتحادية العليا بشأن اقتراحات القوانين. بغداد: دارالكتب والوثائق.

45. يونس، م. (٢٠١٨). المحكمة الاتحادية العليا واختصاصها بالرقابة على دستورية القوانين. بغداد: بيت الحكمة.

46. ب. توێژینەوە و وتاری گۆڤارە ئەکادیمییەکان

47. الخفاجي، س. (٢٠٠٩). 'الرقابة القضائية على دستورية القوانين فى الدساتير العراقية'. مجلة اهل البيت عليهم السلام، (٩٣).

48. الزاملي، س. و محسن، ع.ك. (٢٠١٦). 'الرقابة على دستورية مرحلة الفرز وإعلان نتائج الإنتخابات النيابية في العراق في ظل دستور ٢٠٠٥'. مجلة الكوفة للعلوم القانونية والسياسية، ١(٢٧)، صص. ٢٠٤-٢٠٦.

49. الطائي، ح.أ. (٢٠٠٦). 'الشكل الفيدرالي للدولة وإمكانيات التطبيق في العراق'. مجلة المستقبل العراقي، (٦).

50. طالب، م.ع. و بلاسم، ح.ع. (٢٠٠٨). 'شروط وإجراءات تأسيس الاحزاب السياسية في القانون العراقي'. مجلة مركز دراسات الكوفة، صص. ١٧٥-٢٠٠.

51. عمر، ش. (٢٠١٧). 'ضوابط استقلال المحكمة الاتحادية العليا فى العراق من حيث التشكيل (دراسة مقارنة)'. مجلة كلية القانون للعلوم القانونية والسياسية، (٢١)، ص. ٤٢٦.

52. مهدي، غ. و محمد، ع.م. (٢٠٠٢). 'التعديلات الدستورية فيما يخص رقابة القضاء-اختصاص المحكمة الاتحادية العليا في الرقابة على دستورية القوانين في العراق دراسة مقارنة'. مجلة المستقبل العراقي.

53. حسون، س.ج. و عبيد، ع.ع. (٢٠١٧). 'المجكمة الاتحادية فى ظل دستور جمهورية العراق العام ٢٠٠٥'. مجلة الكلية الجامعية، (٤٤)، ص. ٤٤٣.

54. ج. وتار و شیکارییە ئۆنلاینەکان

55. الحكيم، ع. (٢٠٢٥). مدى مشروعية الاعتراضات على دستورية وجود خبراء الفقه الاسلامي في تشكيلة المحكمة الاتحادية العليا. تنوع نيوز. بەردەستە لە: https://tanawue.com/8409--.html [بینراوە لە: ١١ی ئابی ٢٠٢٥].

56. التميمي، ا.ع. (٢٠١٦). [ناونیشان نەزانراو]. الحوار المتمدن. بەردەستە لە: اختصاص المحكمة الاتحادية العليا في الفصل بالمنازعات بين الحكومة الاتحادية والاقاليم والمحافظات [بینراوە لە:3-5-2025].

57. الموسوي، ا.س. (٢٠٢٢). [المخالفة الدستورية في قانون المحكمة الاتحادية العليا والعزوف عن التصدي لها]. موقع الحوار المتمدن. بەردەستە لە: https://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=750631 [بینراوە لە: 2025-5-7].

58. زيدان، ل.ف. (٢٠٢١). [ناونیشان نەزانراو]. موقع المحكمة الاتحادية العليا. بەردەستە لە: https://www.iraqfsc.iq/news/4663 [بینراوە لە: 2025-5-7].

59. شێخ لەتیف. (٢٠٢١). [ناونیشان نەزانراو]. شەر پریس. بەردەستە لە: https://www.sharpress.net/op-detail.aspx?jimare=187368 [بینراوە لە: 2025-8-7].

60. عەبدوڵلا، ک.م. (٢٠٢٤). پێکهاتەی دادگای باڵای فیدراڵی بەگوێرەی دەستووری عێراقی ٢٠٠٥ و ڕۆڵی لە پرۆسەی سیاسیدا. سبەی ریسێرچ. بەردەستە لە: https://sbeyresearch.com/researches/30 [بینراوە لە: ١١ی ئابی ٢٠٢٥].

61. فائق، ز.ا. (٢٠٢٤). المحكمة الاتحادية العليا.. ولادة عسيرة. marsaddaily. بەردەستە لە: https://marsaddaily.com/news.aspx?id=19082&mapid=1 [بینراوە لە: 7-5-2025].

62. فيصل، م.غ. (٢٠٢٥). ملاحظات على اختصاصات المحكم الاتحادية العليا. مجلس القضاء الاعلى. بەردەستە لە: https://www.iraqia.iq/view/2376 [بینراوە لە: ١١ی ئابی ٢٠٢٥].

63. محەمەد، ی. (٢٠٢٢). سەبارەت بە دەستووری بوونی دادگای باڵای فیدراڵی. پەرەگراف. بەردەستە لە: https://peregraf.com/ku/opinion/4057 [بینراوە لە: ١١ی ئابی ٢٠٢٥].

64. هەورامی، هـ (٢٠٢٤). نادەستووریبوونی دادگای فیدراڵی ئێراق و بەکارهێنانی وەک چەکێک لەململانێ سیاسییەکاندا. ماڵپەڕی هەولێر. بەردەستە لە: https://hawlerweb.net/opinion/2024/03/78605/ [بینراوە لە: ١١ی ئابی ٢٠٢٤].

65. هەورامی، هـ (ب.س.). نادەستووریبوونی دادگای فیدراڵی ئێراق و بەکارهێنانی وەک چەکێک لەململانێ سیاسییەکاندا. زەمەن پرێس. بەردەستە لە: https://www.zamenpress.com/Detail_wtar.aspx?jimare=6346 [بینراوە لە: ١١ی ئابی ٢٠٢٤].

د. سەرچاوە بە زمانی بیانی

Ardant, P. (1996). Institutions Politiques et droit constitutionnel. Paris: L.G.D.J

# مكانة وصلاحيات المحكمة الاتحادية العليا في العراق: التحديات الدستورية والقانونية (2004–2022)


**ملخص**

يحلل هذا البحث مكانة وهيكلية وتحولات المحكمة الاتحادية العليا في العراق، ويدرس التحديات الدستورية والقانونية التي واجهتها منذ تأسيسها وحتى صدور قانونها عام 2021. تكمن الإشكالية الرئيسية في الفجوة بين النص الدستوري والقوانين النافذة. واعتمادًا على المنهج الوصفي التحليلي، تستند الدراسة إلى النصوص الدستورية، والقوانين، والقرارات المؤثرة الصادرة عن المحكمة ذاتها.

تشير النتائج إلى أن عمل المحكمة بموجب القانون رقم 30 لسنة 2005 قد خلق أزمة شرعية. علاوة على ذلك، فإن قانون عام 2021، رغم أنه حلَّ إشكاليات تشكيل المحكمة، إلا أنه أحدث مخالفة جديدة بتجاهله للمادة 92 (ثانياً) من الدستور، التي توجب مشاركة خبراء في الفقه الإسلامي والقانون. يخلص البحث إلى أن المحكمة قد تحولت من مجرد حارس للدستور إلى فاعل سياسي قوي، وأن سلطتها المتنامية في مجال التفسير الدستوري تؤثر بشكل عميق على توازن السلطات ومستقبل النظام الاتحادي (الفيدرالي) في العراق.


الكلمات مفتاحية: المحكمة الاتحادية العليا ، خبراء الفقه والقانون، التحديات الدستورية